KURDISTAN NET کوردستان نێت

# شابازی چیا

## بارزانی لە شیعری هەژاردا

جەهانگیر غەفاری (ئاگرین)

چاپی یەکەم، کوردستان – ٢٠٠٤

## ناسنامەی کتێب

**ناوی کتێب:** شابازی چیا
**بابەت:** لێکۆڵینەوە
**نووسەر:** جەهانگیر غەفاری (ئاگرین)
agrin_k@yahoo.com
**پیتچنین و ڕازاندنەوەی:** سنە، ڤیان کامپیوتر، ئاری ۲۲٦۷٤۸۰
**بڵاوکار:**
**چاپ:**
**هەژمار:**
**نۆرەی چاپ:** یەکەم
ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی ۲۰۰٤ وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ



﴿مافی لەچاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە﴾

پێشکەش بە:

**کاك مەسعوود بارزانی**

**و**

**مام جەلال تاڵەبانی**

«... ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانیەت و شەجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و نەترسی لە مێژوودا کەسانی مەزن بووبێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی.»

پێشەوای شەهید

حەزرەتی قازی محەمەد

# پێشەکی

بـــارزانی دوژمن شکـــێنی، شـــێـــری ژیانەکەم
پێت لە سەر چاو و قەزات لـــە ماڵ و گیانەکەم
دڵی دوژمـــن لە تـــرسی هـــەڵمەتت دێتە لەرزە
نـــیە دوژمن بـــەرەنگارت لـــەم کوڕەی ئـــەرزە
بـــە تۆ ناسرا گـــەل و نیشتمـــانی کـــوردەواری
ئـــەتۆی بـــەرز و باریز لـــە هەر لایـــە دیـــاری
شەهید سەدری قازی

سەرەتای خۆشەویسـتی مـام هـەژاری شـاعیر و بـارزانی نـەمر بـۆ سەردەمی کۆماری کوردستان ـ لە مەهاباد ـ دەگەڕێتەوە.

پاش رێکەوتنی نەنگینی مۆسکۆ ـ تاران و سەودای تراژدیکی نەوتی داگیرکەر و خوێنی کورد، کۆمار جوانەمەرگ بوو.

هـەژاری شـاعیر بـەرەو کوردسـتانی باشـوور دەچـێ و... پاشـان بارزانی نەمر و یارە وەفادارەکانی سەفەری مێژوویی ـ حیماسی خۆیـان بەرەو رووباری ئەرەس دەست پێدەکەن.

هەژار ساڵەهای ساڵ لە دیداری خۆشەویستەکەی بێـوەری دەبـێ. پاش سەرکەوتن و هاتنە سەرکاری عەبدولکەریم قاسم، بارزانی نەمر لە

مۆسکۆ را دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و پاش سەقامگیر بوون لە بەغدا، لە هەژاری شاعیری کورد دەگێڕێتەوە.

هەژار بۆ خۆی دەبێژێ کە لەزەتی ئەو دیدارە ژان و برکی ئەو هەموو ساڵ و مانگە دەربەدەری و... لەبیر بردمەوە، بەمجۆرە ئەم دوو هەڤالە یەك دەگرنەوە، یەکیان وەك مامۆستا و ڕێبەر، ئەویتر وەك شاعیر و قوتابی و پێشمەرگە.

دواتر پاش ڕێکەوتنی داگیرکەران، جارێکیتر شۆڕشی کورد لە پارچەیەکی کوردستانی لەت لەت کراودا، تووشی شکست دەبێ. ئەمجا هەژاری شاعیر لەگەڵ بارزانی نەمر لە ئێران دا دەمێنێتەوە و شەفاعەتی پیرەکەی دەبێتە هۆی دەربازبوونی لە دەست ساواك، بەلام هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی بارزانی نەمر ئەم کەڵە شاعیرە نیگەران و پەرێشان دەکا و هەژار لە بەردەمی زریانی بەدخەوەردا بە گژ مەرگ و مردنا ئەچێ و دیسان لەگەڵ بارزانی نەمر پەیمان نوێ دەکاتەوە.

هەژار هەتا کۆچی ناوادەی، بە بارزانی نەمر وەفادار دەمێنێتەوە. خوا هەقە کە بارزانییەکان و P.D.Kش هەژاریان خۆشویستووە و هەمیشە ڕێز و حورمەتی تایبەتیان بۆ داناوە... گومانیش لەوەدا نییە کە بارزانی نەمر خۆشەویستی پێشەوا قازی شەهید و گەلی کوردی ئەم دیوویشیە. ناونانی هەزاران منال بە بارزان و مستەفا نموونەیەکی دیکەی ئەو خۆشەویستییەیە.

ڕێزدانان بۆ کەسایەتییە ناڤدار و تێکۆشەرەکانمان – بە پێچەوانەی تاقمێك بیر کورت – فەردپەرستی نییە. ئەگەر چاو لە ئەمڕۆی دنیای

بەختــەوەر بکــەین، بۆمــان دەر ئەکــەوێ، یــەکێ لــە هۆکــارانی ئــەم بەختەوەریە، ڕێزدانان بۆ گەورە پیاوانیان بووگە.

خۆشەویســتی بــارزانی نــەمر ڕەتکردنــەوەی هــیچ ســەرکردە و کەسایەتییەکی تێکۆشەر و کوردپەرست نییە، وەك چۆن خۆشەویســتی دیمــۆکرات نــەفی کردنــەوەی خــەباتی دیکــە پــارت و ڕێکخــراوە کوردستانییەکان نییە.

خۆشەویستی بارزانی نەمر، خۆشەویستی سەرجەم ئەو کوردانەیە کە بە دڵ و گیان لە پێناو بەختیاری کورد و کورستاندا خەباتیان کردووە.

چــۆن دەبــێ کــوردێکی ئــەوها دلۆڤــان و شــۆڕشپــەروەردە و تێکۆشەری ڕێگای ڕووناکی ئەو هەموو ساڵ و مانگە لە پێناوی ئــازادی کوردستاندا خەباتی کردبێ و ئەمڕۆ خۆشەویستی قوتابیــانی کوردایــەتی نەبێ؟

بە هۆی سەدەمین ســاڵی لــەدایکبوونی بــارزانی نــەمرەوە — ١٤ی ئاداری ٢٠٠٣ – "منی خاك بەر پێی تێکۆشەران"یش بەشێك لە بەرگی ســێیەمی پــرۆژەی ئــەدەبی نەتــەوەیی کــورد و شــیعری «ســەدەیەك خۆشەویستی»م لەو نامیلکەیەدا کۆ کردۆتەوە تا ئاراستەی ئەوینــدارانی بکەم.

هاوخوێنەکانم!

وەرن لە سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی بارزانی نــەمردا بــۆ هەمیشــە بڕیاری ڕەت کردنەوە و تەفر و توونا کردنی براکــوژی و خۆخــۆری و خیانەت بدەین.

وەرن لەم ئاهەنگە نەتەوەیی و نیشتمانییەدا دەست لە نێو دەستی یەکتر بنێین و پارلمانی کوردستان وەك گلێنەی چاوەکانمان بپارێزین و...

وەرن لەم نەورۆزەدا ـ پڕ بە گەروو هاوار بکەینەوە: کەرکووك دڵی کوردستانە، تا خەونی رەش و نەگریسی ستەمپەرستە هێرشکەرە ئاژاوەچییەکان لە گۆڕ بنێین.

وەرن لەم جێژنە پڕشکۆیەدا بیر لە دانانی زانکۆیەك بە ناوی «بارزانی نەمر» بکەینەوە تا لەوێدا وانەکانی کوردایەتی و مەردایەتی و ... بوترێتەوە.

– پیرۆز بێ سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی بارزانی نەمر.

– پتەوتر بێ ئاشتی و تەبایی و برایەتی نێوان دوو سەرکردەی کوردپەرست کاك مەسعوود و مام جەلال.

– پتەوتر بێ ئاشتی و یەکدڵی نێوان P.D.K و P.U.K و سەرجەم حیزبە میللی ـ دیمۆکراتییەکانی کوردستان.

– شاد بێ رۆحی شەهیدانی رێگای ئازادی.

سنە – جەهانگیر غەفاری (ئاگرین)

۲ی رێبەندانی ۱۳۸۱ ك.هـ

## بۆ پێشەوە بارزانی

ئـــەگــەر دنـــیا مــژ و تــەم و تــاریکــە
ئـەگــەر رێــگا کــەنــد و کــلۆ و بــاریکە
ئــەگەر شــەوە و گــرمـەی هەور و بارانە
ئــەگــەر بــەفــرە و شڵێوەیــە و تـۆفانە
ئــەگەر گــێژە و کــرێوەیــە و بــۆرانــە
ئــەگــەر لــە هــەر جێدا چەتە و گۆرانە
تــۆ شــارەزا و رێ نـیــشانــدەری لاوانـــی
بــۆ پــێشەوە پــێشمــان کــەوە بــارزانـی

ئــەگــەر هــەوار نــشێــوەیــان هــەورازە
ئــەگــەر لەهــی و لافــاوی بــێ پێ بــازە
ئــەگــەر چــەق و لوور و مــڕەی دەعبایە
هــەمــوو دەر و دۆڵێك پــڕی حــەزیــایە
ئەگــەر لە هەر بن و بەردێ نەعرەی دێوە
هــەر پــنچکێــك پــڕی لــە جند و خێوە
بــاکــمان نییــە هــێز و گــوڕی دڵمــانی
بــۆ پێــشەوە پیــشمــان کــەوە بــارزانـی

ئــەگــەر دوژمـــن پــڕا و پــڕی دنـــیا بیٚ
شـــەپـــۆل بـــداتـــەوە وەکـــو دەریـــا بـــیٚ
چـــەکـــی دەســـی لـــە ئێمە زۆر زۆرتر بیٚ
لـــە گــش دڕندە وەحش و پیاوخۆرتر بیٚ
خـــۆیـــان لـــە نـــاو زرێپـــۆشان وەشـــارن
بـــۆمبـــا لـــە بـــن فـــڕۆکـــەیـــان دابـــارن
لـــە کـــوردستان تۆمـــان هەبـــیٚ بەسمانـــی
بـــۆ پـــێشەوە پـــێشمان کـــەوە بـــارزانـــی

بـــا کـــۆخ و لادیٚ و شـــارەکان خاپوور کەن
با گوللە تۆپ لاشـــان لـــە خوێنا سوور کەن
خوێنمان لە ڕێـــی ئـــەم نـــیشتمانە بـڕژیٚ
مـــێشکی ژن و کـــوڕ و کیـــژانمـــان بـــپژیٚ
لانـــك و مـنـــاڵ بـــە ئـــاگـــریٚ بـــســـووژن
بـــا وێران کـــــەن بـــبڕن، ببـــەن، بـــکوژن
لـــە دواتـــەوەیـــن بـــاب و بـــرا و کەسمانی
بـــۆ پـــێشەوە پـــێشمان کـــەوە بـــارزانـــی

**کــوردیــن کــوڕی چیــا نەبەرد و شێرین**

**بــە کــوشتنی داگــیرکــەرانمــان فــێریـن**

**لــە دوژمنـــان تـــۆڵە و هەقمان دەستێنین**

**ســـەد قــات سەران دەبڕین زگان دەدرێنین**

**ئـــەو رۆژی کــورد دەکرا بە دیل ئەو رۆیی**

**یان مردن و یـــان ژیـــن بــە سەر بە خۆیی**

**دوژمـــن کــوژی کــوردپــەروەری رێــزانی**

**بـــۆ پـــێشـــەوە پـــێشمـــان کـــەوە بـارزانی**

کۆیە ١٩٦٣/٣/٢٧

هــەژار پێشـــمەرگەیە، بــاوەڕی بــە تــەم و مــژی زاڵ بــە ســەر جیهــانی کــورداندا هەیــە، ئیمــانی بــە دژواری و پــڕ کەنــد و لەنــدی و هــەوراز و نشــێوی ژیــانی ئازادیخوازانــە هەیــە، شــارەزای جــوگرافی سیاســـی نیشـــتمانەکەیەتی و لـــە تێـــر و تەســـەلی و پـــڕ چـــەکی دوژمنانی کورد ئاگادارە.

هــەژار ئــەو هــەموو چــەتە و دز و رێگــر و قاچاخچــییە دەبــینێ کــە خۆیــان لــە بۆســە دانــاوە تــا بــێ بەزەییانــە تــاڵانی کوردســتانی کـــورد بکـــەن. کەچـــی ســـەرەڕای ئـــەو هـــەموو تـــاریکی و شــەوەزەنگییە لــە ســەروی بەرخۆدانــەوە مــەلا مستەفـــای بــارزانی -جێــی هومێــدی هێــزی پێشــمەرگە- دەبــینێ کــە وەك رابــەرێکی

شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی هاتۆتە مەیدانی خەباتی هەقخوازانەی کوردەوە، هەر بۆیە ئیمانی بە شارەزایی و ڕێ پیشاندەری ئەو هەیە و لێی دەخوازێ ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادیخواز بێ و پێش قارەمانان بکەوێ و بەرەو ڕزگاری و سەرکەوتن ڕێنموونییان بکا.

– هەژار پاش ئەوەی چاوێکی دی بە سەر واقیعی دەور و بەری دا ئەگێڕێ و دەعبا و حەزیا و جڕ و جانەوەر و خێوەکان دەبینێ تووشی ناهومێدی نابێ و ورە لە دەست نادا. چونکە هێز و گوڕی دڵی لەگەڵ خۆی و هاوڕیانی دەبینێ، دیسان لە بارزانی دەخوازێ پێشی پێشمەرگە نیشتمانپەرستەکان بکەوێ و ڕێبەرایەتیان بکا تا گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری.

لە درێژەی سروودەکەدا هەژار هیوادارانەتر و سەرفرازانەتر چاو دەگێڕێ و لە کاتێکدا بەرامبەر خۆشەویستەکەی خۆی دەبینێ دەبێژێ کە گەر هەموو عالەم دوژمنی کورد بێ بە تەواوەتی تەیار و پرچەکیش بن و لەشکریەکانیان خۆیان لە ناو زرێپۆشەکاندا حەشار بدەن و فڕۆکەی بۆمباهاوێژ پشتیوانیان بکا، تۆی ئەو هەموو لەشکرە ناتوانن بڕبڕەی پشتی خەباتی گەل بشکێنن و کۆڵنەدان لە بیر گەل ببەنەوە. هەژار دەلیلی بۆ ئەم ڕاوەستان و بەرخۆدان و خۆڕاگرییە هەیە ئەویش هەبوونی بارزانی تێکۆشەرە لە لووتکەی خەبات دا و بارزانیش خاوەنی ڕۆحێکی بەرز و قایمترە

لە هەرچی چەك و ... نە یاران و داگیرکەرانی کوردستان. بۆیە دیسان شاعیری گەل لە بارزانی مەزن داوای وە پێش کاروان کەوتن دەکا، تاکوو ئەوان و گەل بەرەو ئاسۆی سووری سەربەستی رێنموونی و رێبەری بکا.

– هەژار لە کاتێکدا دەگەڵ پیر و مامۆستاکەی دەئاخڤێ، چاوێکیش لە هونەری ستەمکاران و قەسابانی کوردستان دەکا و ئەمجا لە بەرانبەر هەیبەتی پڕشکۆی بارزانی دەبێژێ: تەنانەت با ستەمکاران کۆخ و کوند و شارانی نیشتمان خاپوور بکەن و با ... گوللەی تۆپی ئەوان لاشەی شەهیدانی کورد غەرقی خوێن بکەن و خوێنی کوڕ و کیژی کورد بڕێژن و لانك و منداڵی کورد –بەوپەڕی بێ روحم و بەزەیی‌یەوە. بسووتێنن، ئێمە لە خەبات راناوەستین و کۆڵ نادەین، چونکە ئەتۆ –بارزانی– مان لەگەڵ دایە وەك باوك و برا و کەسی کورد چاوت ها پێمانەوە دیسان هەژار لە بارزانی خوازیاری لە خەبات دایە.

هەژار، کورد بە ڕۆڵەی چیا دەزانێ و ئەوان بە شێری کوێستان دەشوبهێنێ و حیکایەتی دیفاع و بەرگری ئەگێڕێتەوە کە ئێمەی کورد لە حاندی ئەو هەموو غەدر و جینایەتە بێ شەرەفانەی داگیرکەران بێدەنگ نەبووین و تۆڵەی ستەمکانیامان کردۆتەوە و داگیرگەر کوژ بووگین.

سەرئەنجام لە کۆتایی«بۆ پێشەوە بارزانی» دا هەژار گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە کورد بێدار بووگەسەوە و بڕیاری

دەرکـردووە نـەفرەت لـە دیلـی بکـا و دەنـگ هـەڵبڕێ: «مـردن یـا ژیـانی ئـازاد و سـەربەخۆ» ئـەمجا بـارزانی وەك دوژمـن کـوژ کـورد پـەروەر و ڕێـزان و ڕێنـاس دەزانـێ و بـە پشـت بەسـتن بـەم کەسـایەتی‌یـە بـەرزەی ئـەو دەخـوازێ کـاروان بـەرەو دوا ڕۆژی سەوز و خۆش ڕێنموونی بکا.

لـەم شـیعر یـا سـروودەدا بـارزانی بـۆ هـەژار شـارەزا، ڕێ نیشاندەر، هێز و گـوڕی دڵان، جێـی هومێـد، بـاوك و بـرا و کـەس، دوژمن کوژ، ڕێزان و کوردپەروەرە.

# بارزانی نامرێ

بــارزانــی پــاڵەوانــی کـــورد

هیـوای پــیر و جــەوانی کورد

خــەبەریان پێ دام تۆ مردووی

بەدیمەن لە بەر چاو ون بووی

مــن دەزانــم تــۆ نــامـــری

تــۆ لــە مــردن بە هێزتــری

★★★

رۆژێــك لــە ناو شاخ و چڕێك

دێتــە سەر ئەم زەوییە کوڕێك

نــۆ مــانــگە لە بەر مەمکانە

دایــکی یــەخسیــری تورکانە

بێشکەی کوڕ: زینـدانــی رەشــە

لــە رۆشنــایــی بــێ بــەشــە

زرەی زنــجــیری دوو لایـــی

بــۆتــە دەنــگــی لای لایـــی

جــێ گــاگــۆڵــکە و دارە دارە

گۆشـەی زیــنــدانــی شــەدارە

★★★

تــەمــەن چــاردە ساڵە جوانێ
بــە دەوری خــۆیدا دەڕوانــێ
هــەرچــی دەیــبینێ ئــەسیرە
وەك دایــکــی مــل بــە زنجیرە
کوردگەل مـەڕی بێ خــودانــە
چــەقـەڵ بێری، گورگ شەوانە
لــە حــیرسان خوێنی دەجۆشێ
ژیــن بــە ئــازادی دەفــرۆشێ
لــێ بــڕاوە تــۆڵە بــستێــنێ
بــەنــدی خــەنجەر دەترازێنێ
کــاڵەی مووین هەڵ دەبەستێ؟
کــێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ؟
کــورد خۆران قەڵت و بڕ دەکا
کــوردستــان گــران شــڕ دەکا
تــورك و عــەرەب دەبــەزێنێ
جــەرگی شاهــان دەتــەزێنــێ
دوژمــن لــە زەبــری دەتــاسێ
کێ بــێ بــارزانی نەنــاســێ؟

★★★

بـــەر لـــە شـــۆڕشـــی بـــارزانی

کـــەس بـــە کـــوردی نـــەدەزانی

ئەو کوردی بە دنیا نـــاســـاند

هـــاواری بـــە دنیـــا گـــەیـــانـد

لـــە هـــەر چوار قوڕنەی دنیادا

لە سەر بـــەژ لـــە نـــاو دەریادا

بـــە کـــێ بـــڵێی کـــوردستانیم

پێـــت دەڵـــێ بـــڵێ بـــارزانیـــم

جـــاشـــە دوژمنـــە کوردە کەش

بەهۆی ئەو بوونە خاوەن بەش

ئـــەو نـــانی دەیخۆن هی ئەوە

لـــەوڕا گـــرچـــوویان پـــتـــەوە

★★★

بـــارزانی شێـــست ساڵی رەبەق

جـــێ خـەوی تا شەبەردی رەق

بـــە شـــاخ و شـــکـــێـــڕانـــەوە

بـــە بـــەنـــدی و لـــێـــرانـــەوە

لـــە غـــوربـــەت و دەربـــەدەری

غەم خۆر و لە خۆشـی بـــەری

بــۆ گــەلی کــورد چەوسایەوە
قــەت تــاوێك نــەحــەسایەوە
بــەرەو ئــازایــەتیی هان داین
رێــگەی پیــاوەتــی نیشان داین
دوژمــنی بــۆ بــێ هێز کردین
تاریــکی لــە ســەر لابــردیــن
مــانــگی عــاسمــانی کوردانە
بــێ ئــاوا بــوون و نــەمــانە
ئــەوانــەی بــە مانگ دەوەڕن
لــە راست لۆمەی ویجدان کەڕن

★★★

بـــارزانــی بــابــی هــەژاران
هــەتــوانــی دڵ بــریــنــداران
شیــوەن شــایــانــی تــۆ نییە
ئەســریــن رژتن چی بۆ نییە
مــن بــۆ دەربــڕیــنی هەستم
پــەیمــانــت دەگەڵ دەبەستم
تــا دەمــرم پێــت وەفــادار بم
چۆنبووم هەر هەمان هەژاربم

★★★

بـــارزانـــی پـــاڵــەوانـــی کـورد

هـــیـــوای پـــیر و جەوانی کورد

خــەبەریان پێ دام تۆ مردووی

بە دیمەن لەبەر چاو ون بووی

مــــن دەزانـــم تـــۆ نـــامـــری

تـــۆ لـــە مردن بـــەهـــێزتـــری

شنۆ، ٥٧/١٢/١٥

هــەژار پـاش سـاڵەهای سـاڵ خـەبات و تێکۆشـان ئێسـتا بـەهۆی ڕێـك کـەوتنی گـورگ و ڕێـوی و چـەقەڵەکان گەڕاوەتـەوە بـۆ ئـەو بەشـــەی نیشـــتمانی کـــە لـــەوێ هاتۆتـــە دنیـــاوە و ســـەیری ئـــاڵای کۆمـــاری کوردســـتانی کـــردووە و لــــە جێـــژنی کۆمـــاردا وەك شـــاعیری نەتـــەوەیی شـــیعری خوێندۆتـــەوە و لەگـــەڵ هاوڕێـــانی تێکۆشـەریدا سـەمای کـردووە و لـەوێش بناغـەی ژیـانی هاوبەشـی دامەزراندووە. بـەڵێ هـەژار لـە کوردسـتانی ئێـران دایـە و شۆڕشـی گـــەلانی ســـتەم لێکـــراوی ئێـــران دژی دەزگـــای ســـتەمپەرســـتی حەمەڕەزا شـای پـان فارسـیزم سـەرکەوتووە. لەگـەڵ ئـەوەی بڕیـاری داوە چـیتر بـەرەو شـێعر نەچـێ بـەڵام هـەواڵێکی نـاخۆش لـەزەتی مـەرگی داگیرکـەرێکی لـە بـیر دەباتـەوە و کـورەی دڵـی ساردەو بـووی ئـاگر ئەداتـەوە و دیسـان خامـەی هـەڵ دەگـرێ و شـیعر دەهۆنێتـەوە بـەڵام ئـەمجارە لـە کاتێکـدا خامـەی هـەڵگرتووە، کـە

خەبەری تاڵی کۆچی باوك و ڕێبەر و خۆشەویستی بێ وێنەیان پێ داوە.

هەژار سەرەتا، بارزانی بە هەمان پاڵەوان و هیوای پیر و جەوانی کورد دەزانێ و دواتر لەو هەواڵە ناخۆشە ئەدوێ کە هەژاندوویە و ئەمجا دەنرکێنێ کە بارزانی نەمردووە و لە مەرگ بەهێزترە و لێرە شیعرە بەرزەکەی حەزرەتی پیرەمێردمان دێنێتەوە یاد: «پێ ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین».

هەژار دژی مەرگ و مەرگپەرستان رادەپەڕێ، مەرگ زۆر بچووکتر لەوەی دەزانێ کە بتوانێ بە سەر کەسایەتییەکدا زاڵ بێ کە پاشای ملیۆنان دڵی شەیدایە.

هەژار دژی مەرگ رادەوەستێ کە ناتوانێ بە بستێك خاك بارزانی لێ وە شێری، چونکە بارزانی سەرچاوەی هیوایە. مەرگ هەرگیز ناتوانێ حیماسەی بارزانی بسڕێتەوە.

ـ پاشان هەژار لە بەشی دووەمی «بارزانی نامرێ»دا ئاور لە ژیانی بارزانی ئەداتەوە و لە دووتوێی ئەم ئاوردانە وەش دا ئاماژە بە یەخسیری نیشتمانی دایکی ئەو ڕۆڵە قارەمانە دەکا و یاری ئەو بێشکەیە دەکا کە قەفەس و دیوار دەوری داوە و زڕەی زنجیر بۆتە سروودی لای لایەی منالە خۆش ئایندەکەی کوردستان.

ـــ هــەژار لــە بەشــی ســێهەمی شــیعرەکەیدا لــە تەمــەنی چواردەســاڵانی بــارزانی خۆشەویســت ئــەدوێ کــە چــلۆن لــەو تەمەنەکەمــەدا بــۆ دەوروبــەری روانیــوە و دەرکــی دیمــەنی یەخســیری دیــلان و بــێ کەســانی کــوردی کــردووە و خــوێنی هاتۆتــە جــۆش و ئــیتر لــەو تەمەنــەوە ـ لــە چواردەســاڵییــەوە ـ هاتۆتــە مەیــدانی سەرهەڵدان و شۆڕشــی کــوردەوە و خــۆی بەخشــیووە بــە ئــازادی و نیشــتمانە بــن دەســت و داگیرکــراو و پارچــە پارچــەکراوەکەی و لەو پێناوەش دا گــەلێك خۆشــی لــە خــۆی حــەرام کــردووە و پشــتی لە ژیانی ئاسایی کردووە.

پاشــان بــاس لــە بڕیــار و هەڵوێســتی پاڵەوانانــەی ئــەو شــۆرە سوارە دەکا کە بڕیاری تۆڵە ئەستاندنەوەی داوە.

بــەڵێ هــەژار بــە دەم ئــەم هەواڵــەی زریــانی بەدخەبــەرەوە لــە بــاتی شــین و شــەپۆر بــەرەو رابــردووی ئــەم پێشــەنگە مــەزنتر لــە مەرگــە دەگەڕێتــەوە. لــە رۆژانــی ســتەم دیــتن و بڕیــاردان بــۆ ســڕینەوەی ســتەمکاران ئــەدوێ، لــەو رۆژەی کــە ســەرۆك جلــی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لــە بــەر کــردووە و دواتــر کــە بــاڵای بــەرزتر بــووە ســەرجەم داگیرکــەران لــێ تۆقــاون تــا رادەیــەك کــە بیســتنی ناویشــی داگیرکــەران و دوژمنــانی گــەلی کــوردی وە لــەرزە دەخــا و دەنــگ دانــەوەی دلۆڤــانی و گــەورەیی گەیشــتۆتە جێگایــەك کــە هەمووان دەیناسن.

ــ ئـەمجا هـەژار مـەولانا ئاسـا نـوقمی جـەماڵ و جـوانی شەمسـی خـۆی دەبـێ و لــە بارەگـای خۆشەویسـتیدا سـەما دەکـا و دەبێـژێ بـەر لــە شۆڕشـی مـەلا مسـتەفا لــە دنیـای دەرەوە کـەس لــە حـاڵی پەرێشانی کـورد خەبـەری نـەبووە، کەچـی بـەهۆی سـەرهەڵدانی ئـەم پڵەنگە کوێستانی‌یە دنیا لە کورد وە خەبەر هاتووە.

شــاعیر، بــارزانی بــە ناســێنەری نەتــەوەی کــورد دەزانــێ و خۆشەویســـــتی نیشـــــتمان و خۆشەویســـــتی بنەماڵـــــەی شـۆڕشپـەروەردەی بـارزان ئاوێتـە دەکـاتن ئـەم خۆشەویسـی‌یـەش دەگاتە جێگایـەك کـە هـەژار دەبێـژێ: ئەگـەر کەسـێك لــە دەرەوەی وڵات بیگوتبا ئەز کوردستانیم دەیانگوت: بلێ بارزانیم.

ئەمــەش ئەوپــەڕی رێزدانــان و هــۆگری هــەژاری مامۆســتا و باوك مردوویە دەرهەق بە بارزانی نەمر و بنەماڵە مەزنەکەی.

پاشـان هـەژاری زاڵ بـە سـەر ئاسـتی کۆمەڵایـەتی کوردەواریـدا، ئامــاژە بــەو راســتی‌یــە دەکــا کــە داگیرکــەری بەغــدا بــۆ بــەر پەرچــەدانەوە و ســەرکوت کردنــی بزووتنــەوەی ئازادیخوازانــەی کـورد، تـاقمێکی بـە نـاوی جاشـی بـەکرێ گرتـووە و پـارە و نـانی چـاکیان ئـەداتێ، هـەژار حـەیات و بـوونی ئـەمان مـەدیوونی شـۆڕش دەزانــێ، چــونکە ئەگــەر بــارزانی و قوتابیــانی خــەباتیان نــەکردبا، ئەوانیش نەدەبوونە خۆشەویستی داگیرکەران!!

ــ لە بەشـی پێنجـەمی شـیعرەکەدا مـام هـەژاری بـاری خـەم لــە لێــو نیشــتوو ئامــاژە بــەو واقعییەتــە مێژوویــە دەکـا کــە بــارزانی

شێست ساڵ خەباتی کردووەو سەرین و جێ خەوی تاشەبەردی شاخان بووە و پاشان ئاماژە بەو مەبەستە مەزنە دەکا کە بارزانی نەمر ئەو هەموو ساڵە لە پێناویا خەباتی کردووە و گەلێك خۆشی لە خۆی دوور خستۆتەوە و غوربەت و دەربەدەری چێشتووە و بۆ سەرفرازی گەلەکەی چەوساوەتەوە و قەت ئارام و ئۆقرەی نەبووە.

دوایی ئیشارە بەو واقعییەتە دەکا کە بارزانی، گەلی بەرەو ئازایەتی و پیاوەتی رێنموونی کردووە، بۆ خۆشی لەو رەوتەدا دوژمنانی بێ هێز کردووە و زۆر پەردەی تاریکی لە سەر نەتەوەکەی هەڵداوەتەوە و ئاسۆی ژیانی ئازادی بۆ دەستنیشان کردوون.

هەژار، بارزانی بە مانگی ئاسمانی گەلی کورد دەزانێ وەك دەزانین مانگ نامرێ و مەرگ ناناسێ.

ئەمجا هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی بێ حورمەتی وە بارزانی ئەکەن و لە حاندی هاواری ویژدانیان بێخەبەر و کەڕن.

ـ هەژار لە بەشی شەشەمی شیعرەکەیدا دیسان بارزانی بە باوکی هەژاران و مەرهەمی دڵی برینداران دەزانێ و دەبێژێ کە شیوەن و پرسەدانان شیاوی باڵای ئەو هەرگیز نەمرە نییە.

لە درێژەی ئەم بەشەدا دەبێژێ کە خۆی ـ هەژار ـ بۆ دەربڕینی هەستی شین ناگێرێت، بەڵکوو پەیمانی وەفا نوێ

دەکاتەوە کـە تـا دوا دڵـۆپی خـوێن وەفـادار بمێنێتـەوە و هـەر هـەمان هەژاری شاخ و هاودەم و هاونشین بێت.

دەربــڕینی هەســـتی هـــەژار و هەڵوێســـتاوی لـــە حانـــدی ئـــەو رووداوە گەلـــەك شۆڕشـــگێڕانەیە و بـــە وتـــەی بیرمەنـــدێکی کـــورد: «باشــترین پـاداش بـۆ شـەهیدان درێـژەدانی رێگـای ئەوانـە» بـەمجۆرە هەژار باشترین رێز بـۆ شـەهیدی گـەورەی کـورد دائـەنێ و لـە سـەر درێـژەدانی رێگاکـەی سـوورتر دەبـێ و تەنانـەت پەیمانەکـەش نـوێ دەکاتەوە.

هـەژار بـەمجۆرە یاداشـتی ئـەو هـەموو میهرەبـانی و دۆسـتایەتی و پیاوەتی‌یەی بارزانی پیر و مامۆستای ئەداتەوە.

لـــە کۆتـــاییش دا دیســـان بـــاس لـــە ســـەر پاڵـــەوانی و جێـــی هومێدی نەمر دەکـا و بـاس لـەو خەبـەر شـوومە دەکاتـەوە و دیسـان بێ باوەڕی خۆی بە مردنی بارزانی جارِ ئەداتەوە.

# هەرشەو نابێ[٧]

سـەر لـە ئێـوارەیـەك درەنـگانـێك

تـاریـكـان تـەنـگی نوێژی شێوانێك

كوندە بوومێك لـە كـاولـەكـی وێران

گازی كردە گـرۆی بـە رۆژ كـوێـران

دەركـــەون مـوژدە وا رۆژئـاوا بـوو

تیشكـی خـۆر وەك چوقلێ لە چاوا بوو

ببووە ویشـوومـە رۆژی روون بـۆمان

شەوی رەش خۆشە، خۆشی بۆ خـۆمان

★ ★ ★

چەكچەكی و جرج و كرمی فۆسفـۆری

هاتنە دەر بـۆ گـەڕ و هـەوا خـۆری

گـەرمـە بـازاڕی لاف و شات و شووت

دادەپۆشێ رەشـایی شـەو لەشی رووت

یـەك دەڵـێ رۆژ لـە بەر من ئاوا بوو

ئـەویـتر بـۆی لە مـل دەدەن وابـوو

ئەم بە دەم سـوورە ئـەو بەزار زەردە

تـا كـش و ماتە شەو هەمووی مەردە

★ ★ ★

شنــــه بــا خـــونـــچـــهەکی را دەژەنێ
دەمی خونـــچەی خـــەواڵووپێ دەکەنێ
پێکـــەنیـــنی بـــەزە بـــە ئـــاوەزیـــــان
بـــە پـــەلی و کەمبەریی ربە و گەزیان
ئەو دەزانـــێ کـــە تیشك و تینی هەتاو
لـــە بـــرەو نـــاکـــەوێ بـــە چـــاو و راو

★ ★ ★

کـــاکـــە بـــارزانـــی تـــۆش وەکـــو تاوی
چـــوویـــە پـــێوار بـــەڵام نـــەخەوتاوی
رەنـــجێ تـــۆدات لـــە رێـــی هـــەژاراندا
مـــەرد و رەنـــدیت لە کۆڕ و مەیداندا
نەعـــرەتەت گـــیانـــی دوژمنانی دەبرد
لە تۆ تۆقیبوو چـــاوی دوژمـــنی کورد
زۆر لە داگیـــرکـــەرانـــی کـــوردستـــان
بـــە دەســـتـــی تـــۆ نـــرانـــە گۆڕستان
کـــێییە؟ تـــاجیکە ترکی تۆڕە، عەرەو
گێلە جـــاشە، تـــەعـــالە، گێتـــە، بـــرەو
نـــاوی تـــۆی بیـــستبێ و نـــەتـــرسا بێ
یـــان هـــــەنـــاو و زراوی پـــێ مـــابـــێ

لــە هــەمــوو کۆ و کەژی وڵاتەکەمان
لێڕ و بێ دار و زورك، دەشت و چەمان
خــوێــنی بــەدکـاری کوردی لێ رژاوە
مــۆری ئـــازایــەتــیــتــە لــێت داوە
بــا هــەتــا وا شەوە فسۆس و چەقەڵ
کلکیان تۆز بکا و بــکــەن گــەنــگـەڵ
بــا مشــك ســەر هــەڵێــنێ بێژێ من
زۆری پێ ناچــێ دەچــنــەوە ناو کون
مــێژوو وەك پــیرەمــامــی تــوچێنە
بــە پــشوو، کـاوە خــۆ رەنــێـوهێنە
ســاڵ و مــانگ گێژەوێ دەکا و تەتەڵە
ساف دەهێڵێــت و تــۆڕ دەدا دەغــەڵە
دان بــژێری هــەچــەن لە سەر خۆیە
بــێ شـــك و ســۆیە لاگــری تــۆیــە
تۆ لە عاسمــانــی پــیــاوەتی خــۆری
هــەموو ئــازا کــە مــن ئــەتــۆ زۆری
تــیــشــکــی تــۆ هەر بینا سەری داوە
نــاوی تــۆ تــا هــەتــایــە هــەر ماوە
١٩٨٠/٣/١

ساڵێك بە سەر كۆچی رواڵەتی بارزانی تێ پەڕیوە. ساڵێك، هەژاری عاشق پیرەكەی نەدیتووە. ساڵێك كە ئەم رێبوارە وەفادارە سەبوورانە بە سەرهات و بیرەوەریەكانی شۆڕشی لەگەڵ بارزانی دا بۆ خۆیی مروور دەكاتەوە. ساڵێك ...

ــ هەژار كۆتری پەیام هێنەری داگیركەران بە كوندە بومێك دەشوبهێنێ كە پاش سەفەری بارزانی نەمر بانگ لە قافڵەی ستەم و ترسنۆك دەكا و هەواڵی خۆشیان پێ ئەدا. بانگیان دەكا كە بێترس و خۆف لە كون وەدەر كەون.

ــ پاش سەفەری ئەو كەڵە مێرە باڵابەرزە بازاڕی لاف و گەزافی ستەمكاران برەو دەسێنێ و ئەوان ـ ترسنۆكانی دوێنێ ـ دێنە دەر و باس لە ئازایەتی خۆیان دەكەن.

ــ دواتر هەژار ئاماژە بە شنە بای راستی دەكا كە هەتاو لە تین و تاو ناكەوێ و ئەم شەوپەرستانە هەروەها مەست و سەرخۆش نامێنن و ...

ــ هەژار لە شوبهاندن خۆی دەرباز دەكا و دەگەڵ بارزانی دەكەوێتەوە ئاخاوتن، دەبێژێ كە ئەو خۆرەتاوی كوردە و خۆرەتاویش قەد مەرگ ونەمان ناناسێ كەوایە ئەتۆش مەرگ و مرن ناناسی.

پاشان هەژار ئاماژە بەو هەموو خەبات و تێكۆشانەی بارزانی نەمر دەكا كە لە پێناوی ئازادیدا رەنجی كێشاوە. ئاور لەو نەعرەتانەی بارزانی نەمر ئەداتەوە كە دوژمنی بێ گیان كردووە.

پاشـــان هـــەژار ئیشـــارە بـــە گـــەورەیی کەســـایەتی شۆڕشـــگێڕی پاڵەوانانەی بارزانی دەکـا کـە داگیرکـەران بـە بیسـتنی نـاوی بـەرزی ترسیان ڕێنیشتووە و زراویان نەماوە.

بـــارزانی بـــە هـــەر شـــاخ و چـــیایەکی کوردســـتاندا گـــوزەری کردبـــیٚ مـــۆر و نیشـــانەی ئازایـــەتی خـــۆی لـــیٚ داوە و یادگـــارێکی بەجێهێشتووە.

ئێســـتاش کـــە مشـــکەکان لـــە کـــون وەدەرهـــاتوون و شـــایی دەگێرن ئەو شـایی و خۆشـیـیـەیان ئەوەنـدە درێـژەی نـابیٚ و دیسـان دەچنە کونەکانیانەوە.

ئـــەوەش مێـــژوو ســـەلماندوویە کـــە تەمـــەنی ســـتەمکار کورتـــە و زەلیلانە بەرەو نیستی و فەرامۆشی دەچن.

بـارزانی بـۆ هـەژاری شـاعیر هـەرماوە و مـەرگ نـاوێریٚ خـۆی لیٚ نزیك بکاتەوە.

یـەك سـاڵ پـاش کۆچـی بـارزانی نـەمر، هێشـتا هـەژار ئیمـان و باوەڕی بە مەرگی بارزانی نەهێناوە.

# ڕۆژی کورد

لــە ڕۆژگــارانــی تــازە و زوو
بــە شــایــەتــی دانــی مێژوو
لــە عــاسمــانــی کــوردەواری
لــە گـۆشەی ئاسۆی خوێنباری
زۆر ئــەســتــێرە درەوشــاون
دڵــمان بــە یــادیان نەخشاون
قــارەمــانــانــی گـەل پەرست
چــاو نــەترسانی گیان لەمست
دژی لاســاری خــوێنــمژ بوون
دۆستلاوێن داگیرکەرکوژ بوون
تـرسێنــەری بێــگــانە بــوون
تــاکــە ســوارەی زەمانە بوون
ئــالآی ئــازادی لــە ســەر شان
بــێ و چــان بۆمان تێ کۆشان
لــە دەردی گـەل بوونە دەرمان
ئــەمەکیــان زۆرە لـە سەرمان
بــا لــە بــەر چاویش نەما بن
لــە چــاوی دڵ نــەدیــونا بن

بــۆ ئــێــمــە جێگەی شانازین
مــامۆستای ئــازادیــخــوازیــن
یـــادگــاری زۆر بــە مــایــەن
بــۆ مــانــی کــوردستان پایەن
فریشتــەی بەختــن لە سەرمان
هەر وان لــە هــەواری هەرمان

★ ★ ★

لــە نــاو کــۆی ئەو ئەستێرانە
لە ناو جەرگــەی ئــەو شێرانە
روونــاکــتر و گــەشــەدارتــر
هــەڵــکــەوتە و ئازا و بەکارتر
لـــەم ســەدەیــەدا دیــاری دا
تــیــشــکی لــە کوردەواریی دا
لــە ئــاسۆی بــارزان دەرکەوت
لــە عــاسمانی کورد سەرکەوت
گــەلاوێــژی و کــاروانــکــوژە
لــە حــانــد ئەو دەورەیان مژە
کــاکــە مستــەفــا بــارزانــی
بــە گــەڕناســی و بــە مێرانی

لــە شــەوی کــورد خــۆرەتاوە
هــیــێزی هــەنـاو سۆمای چاوە
چـــــاوی دڵــی کـــردیـــنـــەوە
تــرســی لــە بــیــر بردینەوە
ئـــەو شــۆڕشــگــێڕە بێ وێنە
ئـــەو دۆستـــە دوژمـــن شکێنە
پـــەڕانـــدی لـەمپەڕ و پەرژین
خستـینیە ســەر شەقامی ژین
بۆ هــەزاران خۆی بەخت کرد
ڕێگەی خەباتی تــەخــت کـرد
بــە نــەبــەزی و بــە کردەوە
لـــــە دنـــیـــا گـــرۆی بـــردەوە
لـــە نـــاو گش کۆمەڵ و چیندا
لـــە ســـەرانســـەری زەمـــیـــندا
لـــە ســـایەی ئـــەو خـــەباتەوە
نـــاوی کـــورد دەنــگ ئەداتەوە
تـــا هـــەســـتی ئـــازادیـــخوازی
تـــا خـــۆبـــەخشین و گیانبازی
تـــا نـــەتـــرسان و بـــــوێـــری
تـــا مـــەردایـــەتـی و جوامێری

لــە دنیــادا قــەدریان مــابێ
نــاوی بــارزانــی ون نــابــێ
١٩٨١/٣/١

هــەژار ســەرەتا ئــاور لــە دیرۆکــی شــۆڕش و خــەباتی کــورد ئەداتــەوە کــە لــە گۆشــەی ئاسـۆی خوێنبــاری دا گــەلێك ئەســتێرە درەوشــاونەتەوە و ئــەو زاتــە بلند و ســەرفرازانەش رازێنــەری دلـی رێبوارانی رێگای ئازادی بووگن.

دلـی مرۆڤــی نیشــتمانپەرســت بــە یــادی قارەمانــانی نەتــەوەیی و نەترس و بێ باك نەخشاوە.

بــەلێ دلـی هــەزارانی وەکــوو هــەژار بوونەتــە مەلبەنــدی حــوکم کردنــی خۆشەویســتی ئــەو کــوردە قارەمانانــە کــە دژی خوێنمــژان و ســتەمکاران راپــەڕیوون، بــە گــژ داگیرکــەردا چــووگن و لــە هــەمان کاتیشدا لاوێنــەری دۆســتان و هاوڕێانیــان بــووگن. ئەوانــەی دوژمــن لێیان دەترسا، شۆرە سوارانی مێژووی پالەوانی بووگن.

ئەو کەسانە کە هــەلگری ئــالای ئــازادی بــوون و بــێ و چــان بــۆ خولقاندنی جیهانی بەری لــە ســتەم و ســتەمکار بــۆ کــورد خــەباتینان کردووە.

ئەوانــەی هــەتوانی ژان و برِکــی گــەلی کــوردن ئــەمرۆ کــە زۆریان هەق بە سەر ئێمەوە هەیە.

هـەژار ئامـاژە بـەوە دەکـا گەرچـی ئەوانـە لـە بـەر چـاو نـەماون بەڵام بـەردەوام بـە چـاوی دڵ دەبینـرێن و بـۆ گـەلی کـورد جێگـای فەخر و شانازین و هەروەها مامۆستای ئازادیخوازین.

ئـەوان گەنجینـەی ئـازادی و یادگـاری هێـژاو پـڕ بایـەخ و پایـە و ئەسـتوونی مانـەوەی نیشـتمانی کـوردن. ئـەمجا هـەژار ئـەو قارەمانـە نەبەزانە بە فریشـتەی بـەخت دەزانـێ و سـەرجەم ئـەوان بـە میوانـانی هـــەواری هـــەرمان دەزانـــێ. هـــەژار لـــە بەشـــی دووەمـــی «ڕۆژی کـورد»دا پـاش ئـەوەی لـە بەشـی یەکەمـدا وەسـفی ئـەو قارەمانانـە دەکـا دێـت و قارەمـانترین یـان -لـە ڕوانگـەی خۆیـەوە- هەڵدەبـژێرێ. دەبێـژێ کـە لـە نـاو ئـەو هـەموو ئەسـتێرە پڕشـنگدارەدا لـە نـاو جەرگـەی شـێرانی ئـازاددا، ئەسـتێرەیەك روونـاکتر و گەشـەدارتر هەڵکەوتـە و ئـازار و بـەکارترە. کـە لـە سـەدەی بیسـتەمدا خـۆی نوانـدەوە و تیشـکی خۆشەویسـتی و میهرەبـانی لـە نیشـتمان داوە. ئـەو ئەسـتێرەش لـە ئاسـۆی بارزانـەوە دەرکـەوتووە و لـە ئاسمـانی نەتەوەمانـدا سـەرکەوتووە. ئەسـتێرەی روونـاکتر و ... مـەلا مسـتەفای بـارزانیـیە، کـە بـۆ شـەوگاری بـن دەستی و چارەرەشـی کـورد خۆرەتـاو ئاسـا رەوڵـی خـۆی گێـڕاوە و بۆ کورد هێز و تین و سۆمایە.

بـارزانی -لـە ڕوانگـەی هـەژارەوە- چـاوی دڵـی کـوردی کردۆتـەوە و تـەمی ترسـی لـە دڵان سـڕیوەتەوە. شۆڕشـگێڕێکی بێوێنە و دۆستێکی دوژمن تێکدەرە.

هەژار ئاماژە بە ڕەوڵی گرینگی بارزانی نەمر لە خەباتی کورد دەکا کە چلۆن لەو تاریکی و پەریشانی‌یە دەربازی کردووین و گەلی خستۆتە سەر شەقامی ژین. ئەمجا هەژار دەبێژێ کە بارزانی نەمر ڕێگای خەباتی بۆ سەرکەوتن هەموار کردووە و لە پێناو لێقە و ماوان و چەوساوەکاندا گیانی خۆی بەخت کردووە.

دیسان هەژار داکۆکی لە سەر ڕەوڵی گرینگ و کوردانە و شۆڕشگێڕی بارزانی بۆ دەنگدانەوەی کێشەی کورد لە جیهاندا دەکا کە هۆی ئەو کارەش خەبات و چالاکی و پاڵەوانی بارزانی نەبەز بووە.

پاشان هەژار مەرجی ئەبەدی بوون و مانەوەی بارزانی دەستنیشان دەکا و دەبێژێ تا زەمانێك لەو دوو دنیادا هەستی ئازادیخوازی و فیداکاری و گیانبازی و نەبەزی و مەردایەتی و جوامێری قەدریان هەبێ بارزانیش ناوی ون نابێ.

بێگومان لە سەرەتای ژیانی ئینسان لە دنیادا هەتا ئێستا ئەو شتانە، جوامێری و ... نرخ و بایەخیان هەبووە و مادام مرۆڤ لە سەر کوری. خاکی دا بژیت نە تەنیا لە ڕێز و حورمەتیان کەم نابێتەوە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ پڕبایەخ تر و مەزنتر و دلۆڤانتر دەبن.بۆیە بارزانیش بۆ هەتاهەتایە نامرێ و ناوی ون نابێ.

لەو شیعرەدا هەژار سەرەتا ئاماژە بە خەبات و ڕاپەڕینی کورد دژی ستەم و ... دەکا و ئەمجا وەسفی تایبەتمەندیەکانی قارەمانانی

جەرگــەی خــەبات دەکــا و پاشــان لــە نــاو ئەســتێرانی ئاسمــانی کوردایــەتی و ئازایــەتی دا روونــاکترین و گەشــەدارترین یــان بــە بــارزانی ئــەزانێ، ئــەمجا دێتــە ســەر چــالاکی و خــەباتی قارەمانانــەی بــارزانی و دواتــریش بــاس لــەوە دەکــا کــە ئــەو خەباتــە کــوردی بــە دنیــا ناســاندووە. لــە کۆتــایی شــیعرەکەش دا هــەژار ـ هــەمان هــەژاری پێشمەرگەـــ کــە وەفادارانــە بــە بــارزانی هەڵوێســتەکانی پاراســتووە و ئەمــەك ناســانە و عاشــقانە رازی نــەمری بــارزانی خۆشەویستی گەلی کورد دەستنیشان دەکا.

بــەڵێ لــەم شــیعرەش وەك دوو شــیعری «بــارزانی نــامرێ» و «هەر شەو نابێ»دا باسی شین و شەپۆروگریان و ... نی‌یە.

هۆی ئەمەش شتێك نی یە بێژگـە لـەوەی: بـارزانی لـە قامووسـی بــیر و تیکۆشــان و خــەباتی هــەژارداە نــەمردووە و ... مــەرگ نەیتوانیوە نـاوی ئـەم کەڵـەمێر و قارەمانـە لـە نـاو دڵ و رۆح و بـیر و عاتیفەی رێبوارانی ئازادیدا بسرێتەوە.

# ڕێبەری نەمر

هــەرچی لــە ئــاخێ ڕسـکـاوە

مـــــەرگـــیشی بــۆ دانـــــراوە

مــــرۆ دێتـــــە ســـەر زەمینێ

خـــۆشی نـــاخــۆشیان دەبینێ

هــــەیــــەژیوە و هـــەڵوەریوە

هــــاوساشـــــی پێی نـــەزانیوە

هـــــەیشە بـــــەرز دەبــــێتەوە

نـــــاوبانـــــگی دەتـــــەنێتــەوە

حـــــوکمی سەرزەمـین دادەگرێ

هـــــەر هێندە زلــــە تا دەمرێ

جەلال و گـــەورەیی و شـــــکۆی

بەر پێوار دەبــــــن لەگەڵ خۆی

زەمـــــان نـــــاوی دەســـــڕێتەوە

لـــــە یـــــادی یاد دەچێتـــــەوە

★ ★ ★

ئـــــەوی مـــــەرگ پێی ناوێرێ

نـــاچـــــارە خۆی لێ ببــــوێرێ

هونـــــەرە، مــــەردایەتــــییـە
بـــــەخشینە، ئـــازایـەتییــــە
بەزەیـــە بـــــە هــــەژارانـــــدا
وەفـــایە دەگـــــەڵ یـــارانـــــدا
دژ وەســــتانــــــە لـــــە بێدادی
هـــــەوڵـــدانە بـــــۆ ئـــــازادی
بۆ هەق روو بە مردن چـــوونە
بــــۆ زاڵـــــم سەرکــــز نەبوونە
خـــــێوی هـــەریەك لەو خدانە
نـــــێوی بــــە دوور لـە نەمانە
هـــــەتا کۆن بێ گەشتر دەبــــێ
لـــــە ژیـــن خاوەن بەشتر دەبێ
چ جــــای کە گش لای یەکێ بێ
دەبــــێ ئــــەو هەرژیوە کێ بێ

★ ★ ★

درووود بــــۆ نـــــاوت بــــارزانی
هــــەر خۆت خودانی هەمووانی
بۆ مــــــەردایـــــەتی تات نەبووە
لـــــە بەخشیندا ئامپات نەبووە

بـــۆ هــــونەری نــەیار کوشتن

بۆ خــــوێنی داگـــیرکەر رشتن

لـــــە هـــــەنگامەی مەیدانداری

ئێستاش‌هەرخۆت شۆرەی سواری

بـــــۆ بــــەزە و هـەژارپەروەری

تـــــا ئەبەد هــەر خۆت رێبەری

وات پــــەیمـــــان دەبردە سەرێ

وەفـــــا کــــرنــووشت بۆ بەرێ

دەی ســا چۆن ئەو گیانە دەمرێ

چۆن مردن خۆی لە بەر دەگرێ

★ ★ ★

بارزانی هــەر هەی وەکوو بووی

هەر دەشمـــێنیت و نەمردووی

گـــــەلت بـــــە یــــادی تۆ سازە

بـــــە نـــــاوی تـــــۆ سەرفیرازە

زۆر ســـــەدە دێـــــن و رادەبرن

مــــەردان دەرست لێ وەردەگرن

هەتــــــا ســــەر زەوی زەویـــــنە

هــــــەتا رۆژ بــــە تیشك و تینە

ســـــاڵ بـــــە ساڵ یادت نووترە
قـــــەدرو ڕێـــــزت لـــــە رووترە
بـــــیرەوەریـــــت مـــیسکی خاوە
بـــــۆن و بـــــەرامـــــەی بـــڵاوە
تـــــاوەیـــــسوون بـــۆنی بۆشترە
دەم لـــــە دەم بـــــۆنی خـۆشترە

* * *

هـــەژار ســـەرەتا ئامـــاژە بـــە ژیـــانی گیانلـەبـــەران و مـــەرگی ئـــەوان دەکـــا، دوایـــی دێتـــە سەرباســـی ئینســـان کـــە بـــە هـــاتنی وی بـــۆ ســـەرزەوین گەلـــەك خۆشـــی و ناخۆشـــی دەبـــینێ و دواتـــر بـــاس لەوانـەی دەکـا کـە تەنانـەت جـیران و دراوسـێ لـە مـەر گیـان وە خەبەر نایەن. ئەمجا باس لـە تـاقمێکی دیکـە دەکـا کـە لـە سـەرزەمین دا دەســـەڵاتدار و هێزمەنـــدن، بـــەڵام هـــەر کـــە مـــردن شـــکۆ و گەورەیی و جەلالیشیان دەمـرێ و زەمـان ناویـان لـە مێـژووی ژیـان دەسڕێتەوە و لە یادی کەسدا نامێنن.

لـــەم بەشـــەدا هـــەژار پـــاش ئامـــاژە بـــە هـــەبوونی مـــەرگ بـــۆ گیانلەبەران ئینسانەکانی دابەش کردووە بە دوو تاقمەوە.

یەکەم: ئەوانەی مەرگیان ـ تەنانەت ـ هاوسێش پێ نازانێ.

دووەم: ئەوانــەی کــە ســەرکوت کــەر و زۆرکــار و زۆردارن کەچی مەرگ تۆمار ناو و ژیانیان دەسڕێتەوە.

لە بەشـی دووەمـی ڕێبـەری نـەمردا هـەژار هەنـدێك تایبەتمەنـدی دەستنیشــان دەکــا، وەك: هونــەر، مەردایــەتی، فیــداکاری، ئازایــەتی و ... ئــەمجا دەبێــژێ کــە ئــەم ســیفەت و تایبەتمەندیانــە ئەوەنــدە گـەورە و مـەزنن کـە مـردن پێیـان نـاوێرێ و لـە ناچـار خۆیـان لـێ گێل دەکا.

هــەژار لــە ســەر ئــەو باوەڕەیــە کــە مرۆڤــی تێکۆشــەر، ئــازا و ئــازادیپەرســت و وەفــادار نــە تــەنیا پــێ نــاوێرێ بــەڵکوو بــە پێچــەوانەی ســتەمکارانەوە هەرچــی زەمــان تــێ پــەڕ دەبــێ ئەمانــە گەشتر و بەهرەوەرەتر و ناڤدارتر دەبن.

لەســەرەتای بەشــی ســێهەمی شــیعرەکەدا هــەژار بــە درووود و ســڵاو بــۆ بــارزانی نــەمر ئــەو بــە خــودانی هــەموان دەزانــێ بــەڵێ بــارزانی لــە شــیعری هــەژاردا و ... لــە مەردایــەتی و فیــداکاری دا هاوتــای نــەبووە، هونــەری نــە یــار کوشــتن و داگیرکــەر تارانــدی هونەرێکی پڕ بەها بووە.

لــە لای بــارزانی نــەمر و لــە کــاتی مەیدانــداری و خــەبات دا شۆرە سوارێکی بێ وێنە و تاقانە بووە.

بــارزانی بــە تــەنیا تێکۆشــەر و شۆڕشــگێڕ نــەبووە بــەڵکوو بــە هــۆی کەســایەتی بــەرزی ئــەخلاقیــەوە هەژارپــەروەر بــووە و کــۆی

ئەم تایبەتمەندیانـە ئـەوی کردۆتـە رێبـەرێکی نـەمر لـە دیـدی خامـەی هەژاری قوتابی و پێشمەرگە و هۆگرانی بەختەوەری کوردەوە.

بۆیە هەژار لـە سـەر ئـەم باوەڕەیـە کەسـایەتی‌یـەکی ئـەوها مـەزن کـە سـەرجەم چـاکەکانی هـەبووە مـەرگی بچـووك چـۆن دەتـوانێ دەگەڵیا بجەنگێ.

بـارزانی سـاڵەهای سـاڵ دژی مـەرگ‌پەرسـتان خـەباتی کـردووە و کەسـایەتی رۆحـی و ئیخلاقـی خـۆی وەکـوو گانـدی و مانـدیلا پـەروەردە کـردووە و مەشـقی شـەڕ دەگـەڵ مـەرگی کـردووە، ئـەوەش مـافی هـەژارە وەك سـەربازێکی قوتابخانـەی حـەزرەتی ئەحمەدخانی و حاجی قادری کۆیی ئەو بە نەمر و گەورە بزانێ.

چـونکە هـەژار لـە نزیکـەوە شـایەتی ئـەو کەسـایەتی و قارەمـانی و هونەرمەندی و هەژارپەروەری‌یەی بارزانی بووە.

هەژار لە بەشی کۆتـایی «رێبـەری نـەمر»دا پـەردە لـە سـەر ئـەو راسـتی‌یـە هـەڵ دەداتـەوە، کـە گـەلی کـورد شـانازی بـە بـوونی بـارزانی و خـەبات و سـەرهەڵدانی ئـەو دەکـا و دەبێـژێ کـە چـۆن جـوامێران و ئازایـان دەرس لـە پێشـرەوی ئـازادی ـ بـارزانی نـەمر ـ وەردەگرن. بـەڵێ بـارزانی لـە جوملـەی ئـەو ئینسـانە مەزنانەیـە کـە هەرچـی زەمـان زیـاتر تـێ دەپـەڕێ، گـەورەیی و مـەزنی زیـاتر دەرئەکـەوێ و ... تەنانـەت بـیرەوەری ئـەو خۆشەویسـتە خۆشـترین بۆن و بەرامەیە.

# نموونەی هونەر

لە پـەڕاوی کـــۆن رامێـــنین

میژووی هونـــەران وەخوێنین

زۆرشت،زۆر کەس،لەزۆرەدەران

بوونـە نمـــوونەی هونـــەران

نـــووسراوە فـــلان ئازا بـــوو

نەدەترســـا وەك شێر وابـــوو

وێنـــەی رۆستەمی زەمان بوو

زالّ بوو، سامی نـــەریمان بوو

پتەو بوو وەك چیـــای قەندیل

بە وەفـــا بوو وەك سمـــۆییل

بۆ بـەخشش و دەست و کەرەم

ببوە ڕکـــەبـــەری حەتـــەم

بۆ زانای بەمشوور و دورڕنـــاس

نموونەیە هەیـــاسی خـــاس

بـــۆ کاری خەڵك و خواپەسەند

نموونە هـەن زۆر و زەوەنـــد

هەرماون وهەرخاوەن ناو بوون

بـــەڵام دوور و لێك بڵاو بوون

ئیرادە وا هات لـــە خـــوداوە
خرِ ئـــەو نمـــوونە بـــلاّوە
لە کوردێـــکدا کـــۆکـــاتەوە
ســـەر لە نوێ سەر هەڵداتەوە

★ ★ ★

لــە مستـــەفا بـــارزانیـــدا
هەرچی چاك بوو نیشانـــی دا
بـــە ســـەر هەڵدانی ئەم ناوە
پـــەڕێ تـــازە هـــەڵدریـــاوە
هـــەر کـــەسێ بارزانیی دیوە
ماوەیـــەك دەگـــەڵیا ژیـــوە
گشـت ئـــەو نموونانەی دیون
سەرچـــاوەکـــانـــی ناسیون
سەد کتیـــبی بـــۆ وەخوێنێ
لە هـــەر بابـــەتێ بیدوێنێ
لـە نـــاودار بـــە ئـــازایەتی
سەربلـــندی، مـــەردایـــەتی
گـــیانبەخـــش لە ڕێی ئازادی
ئاگـــر لە گـــیانی بیـــدادی
وەفـــا، شـــەرەف، خواپەرستی

وەتەن و گەل خـــۆشەویستی

هەڵکەوتوویـــی بۆ سەروەری

بـەزەیی، هــــەژارپــــەروەری

بێ وێنـــەیی لــــە زەمـــاندا

تاکـــە ســـوار لــــە مەیداندا

لێی پرسە چەندیـــان دەزانی

دەڵــێ گشـــیان وەك بـــارزانی

★ ★ ★

بــــە هــــەموو هێز وەخۆکەوە

هەمـــوو هونـــەران کۆکـــەوە

لێـــکی دە، پـــوخـــت دایبـــێژە

بیخـــە قاڵـــب و دایـــڕێـــژە

کـەسێـــکی لـــێ بەرهەم بێنە

لــە بـــەر چـــاوانی رانـــوێنە

بۆ بـــەجـــەوهەری و مێرانی

هــەرگـــیز ناگـــاتە بـــارزانی

هـــەژار لــــە چـــوارەمین ســـاڵی کۆچـــی بـــارزانی نـــەمردا دیســـان باوەڕی بە مەرگی نـیـیـە، و ئـەزانێ بـارزانی ـ هـەمان پاشـای دڵــی ـ ئێســـتاش مـــاوە و لەگەڵیایـــە و لــــە ڕۆژە تەنگانەکانــدا باوکانــە بــە

خێـوی دەکـا و حیکایـەت و بـە سـەرهاتی گـەورە پیـاوانی بـۆ ئەگێڕێتـەوە و لـەو خەونانـەی بـۆ کوردسـتانی داهـاتووی دەبـینێ چـەند گۆشـەیەکی بـۆ بـاس دەکـا وا ئـەزانێ هێشـتا لـە جێگـەی شەڕی کورد و داگیرکەردا تەماشـای شـکۆی ئـەم کەڵـە پیـاوە کـەم وێنەیـەی کـورد دەکـا بۆیـە چـاوەکانی بـە فرمێسـك تـەڕ نـابینن و دیســـان ئـــاور لەکەســـایەتیـیـــەهێز و کوردانـــە و هونەروەرانـــە و شۆڕشگێڕانەی بارزانی نەمر ئەداتەوە.

هەژار لـە سـەرەتای شـیعرەکەدا بـەرەو نـاخی مێـژوو دەچـێ کـە باسی گەلـەك مرۆڤـی ناڤـدار و هەڵکەوتـە دەکـا کـە هـەرکامیان لـە بوارێـــك دا وەك مەردایـــەتی، بـــێ بـــاکی، دڵ ئـــاوایی و ... ســـەرکەوتوو بـــووگن و ئـــەم هۆیانـــەش بوونەتـــە مایـــەی نەفـــەوتان و مانـــەوەیان لـــە درێـــژەدا ئامـــاژە بـــە پـــرژ و بـــڵاوی ئاکـــار و تایبەتمەندیەکان دەکـا کـە هـەر کـام لـەو سیفەتانە نـەمری مرۆڤێکـی تۆمار کردووە ئـەمجا زەویـن بـە جـێ دێڵـێ و بـەرەو ئاسمانـان دەچـێ و دەبێـژێ کـە ئـیرادەی خوداوەنـدی کـارێکی کـرد سـەرجەم ئـەو سـیفەت و تایبەتمەندیانـە لـە کوردێـك دا کـۆ بکاتـەوە و سـەر لـە نوێ مرۆڤێکی گەلەك ناڤدار سەر هەڵ بدا و شۆڕش بەرپا بکا.

لـە بەشـی دووەم دا کـوردی نـاوبرا، مـەلا مسـتەفای بـارزانییـە. کە سەرجەم چاکە و جوانییەکانی لە خۆی دا کۆ کردبوەتەوە.

هەژار لە سـەر ئـەو باوەڕەیـە سـەرهەڵدانی بـارزانی نـەمر بووگـە بـەهۆی ئـەوە کـە پەنجەرەیـەکی تـازە لـە رووی کـورد بکرێتـەوە.

ئەمجا بۆ درووستی وتەکەی خۆی ئاماژە بەوانە دەکا ـ کە بەخت یاری کردوون ـ دەگەڵ ئەو ئینسانە هەڵکەوتوویە هاودەم بووگن. هەژار دەبێژێ بڕۆن لە هاونشینانی بارزانی بپرسن تا باسی ئازایەتی و مەردایەتی و سەربلندی و گیانبەخشی و ... بارزانی‌تان بۆ وەرگێرن تا ... باسی ئەو ڕێبەرە ناڤدارە بگێڕنەوە کە لە ڕێ ئازادیدا گیانبەخشانە خەباتی دەکرد و ئاگرێك بوو کۆشك و تەلاری ستەمکاران و دوژمنانی دەسووتاند ئەمجا هەژار بەرەو ئاستێکی دی لە کەسایەتی بارزانی دەڕوا و ئاماژە بە وەفا، شەرەف، خواپەرستی و وڵات و نەتەوە خۆشەویستی بارزانیمان بۆ دەکا.

هەژاری ساڵەهای ساڵ هاونشینی بارزانی دلۆڤان چاك دەزانێ ئەو ئینسانە چەند گەورە و هەژارپەروەر و خاوەن روحم و بەزەیی بووە. لەم ڕەهەندەوە ئێمە دەتوانین لە بەرانبەر بیر و رای گشتی جیهاندا هاوار بکەین. شەڕی بارزانی نەمر بۆ سەقامگیرکەردنی ئاشتی بووە شەڕ بۆ سڕینەوەی ڕەوشتە دزێوەکان بووە. شەڕ دژی خراپە و کردەوە دژی ئینسانی‌یەکان بووە، شەڕی بارزانی بۆ چەسپاندنی سیستەمێکی دیمۆکرات بووە، کە عەداڵەت و یەکسانی باڵ بە سەر هەموو ئینسانێك بە گشتی و ئینسانی کورد بە تایبەتیدا بکێشێ.

لــە کۆتــایی شــیعرەکەدا هــەژاری شــاعیری دەربــاری کوردایــەتی و شۆڕش و بارزانی دەگاتــە ئاســتێك کــە ئیمــان دێــنێ ئەگــەر هــەموو هونەران کۆ بکرێنەوە، بارزانی تاقانەو بێ وێنەیە.

بــەڵێ حیماســەی خۆشەویســتی هــەژار بــارزانی بــە فــەرموودەی هــەژار هەرچــی زەمــان تــێ دەپــەڕی بــە تــین و تــاوتر دەبــێ و وەفــا زیــاتر کلّپــە دەســتێنێ و ئــەم مــەولانا کــوردە، پــیری بــارزانی زیــاتر خــــۆش دەوێ ئـــاور لــــە ســــەر کــــەلێن و قوژینــــەکانی ژیــــانی شۆڕشگێڕانە و پاڵەوانانەی بارزانی ئەداتەوە.

ئەمەش شــانازیە بــۆ ئــەو ڕێبــەرە ســەرفرازەی کــورد کــە هــەژاری دەربــــەدەر و بێخانومــــان دەهێنێتــــە ژێــــر ســــێبەری بــــەزەیی و خۆشەویستی خۆیەوە تــا دواتــر بــێ بــە شــاعیری ناقــدار و وەرگێــری بە هێز و نووسەری بێ وێنــە و یــەکێ لــە تاقانــەکانی بــواری نووســین و ڕۆشــنبیری کــوردی و میللــی، ئێســتا ڕۆحــی ئــەو مرۆڤــە چــەند شاد بــێ کــە هــەژار حیکایــەت و بــە ســەرهاتی ســەردەمی شــۆڕش و قوربانی خیرکاری بۆنەوەکانی بگێرێتەوە.

# بە یادی تۆ دەژی دڵم

بـــارزانی بـــاوکی شـــیریـــنم
رۆژی تـــیـــشکدەری ژیـــنـــم
ماوێکـــە دەڵێن پێنـــج ســـاڵە
کەلام هـــەزار ســـاڵی تـــاڵـــە
دەنـــگی هـــەژار لاوێنـــەوەت
دیمـــەنی خـــەم تـــاوێـــنەوەت
نـــاێیتـــە بـــەرگـــوێی بێخێرم
ناێیـــتە بـــەرچـــاوی کـــوێرم
تـــۆنـــەنـــاســـانی ســـادەدڵ
دەڵـــێن بوویتە ئاوێتـــەی گڵ
دەڵـــێن نـــەما و نـــابێتـــەوە
تـــۆش لـــەبیرت بـــچێتـــەوە
هـــەرگـــیز ئـــەم دڵـــە کلۆڵەم
پـــەلکە گیای بەرسەرماوسۆڵەم
بـــەو قســـانە بـــڕوای نـــایە
لای بـــایـــە بـــادی هـــەوایـــە
ئـــەوانـــە گـــیان ودڵـــکۆرن
دڵ کـــۆران لـــە دنـــیـــا زۆرن

بـــا دڵ روونـــان ودوڕنـــاسان

ئەمـــکزانـــان ومـــێر خــاسان

ئـــەوانـــەی ژیر و چـــازانـــن

بـــە چـــاوی دڵیـــان بڕوانـــن

دەزانـــن ئـــەتۆ هـــەر مـــاوی

نـــافەوتـــێی و نـــەفـــەوتاوی

تـــۆی نمـــوونەی مـــەردایەتی

تـــۆی دروشـــمی کوردایـــەتی

وەڕەز بـــووی لـــە پێ نەزانان

لـــە دڵ پـــووچەڵ و دووزمانان

ڕەوات نـــەدی ژین لە سەر گڵ

مـــاڵت گـــوێزتەوە بۆ نـــاو دڵ

بـــۆناو دڵـــی هـــەرچی مەردە

هـــەر کەســـێ پاك و بێگەردە

تـــەنانـــەت دڵـــی هـــەژاریش

ساردەکوانووی‌ڕەنـج خەساریش

ئـــەو دڵـــە تـــەنـگ و بێپۆیە

شـــوێنی هـــەمیشەیـــی تۆیە

بـــە یـــادی تـــۆ دەژی دڵـــم

دڵـــەی ســـەرشێـت وسەرچڵم

هـــەر چـــەن تەنگەماڵی تۆیە

پەپـــوولـــەی شـــەماڵی تۆیە

تـــا چیـــای بەرزی لێ دیـــارە

تـــاگـــوێی لە خوڕەی ڕووبارە

هیمـــمەتـــی لـــە دنیـــا تاکت

دڵی پـــاکت، نـــاوی چـــاکـــت

ئاشـــکـــرا دێنـــە بـــەرچاوی

چـــۆن بـــاوەڕ بکـــا نـــەماوی

تـــۆ هـــەر دەمێنی هەر ماوی

هەڵکـــەوتـــەکەی خاوەن ناوی

بۆ من هەر کـــاکی جـــارانـــی

هـــەر هـــومـــێدی هـــەژارانی

١٩٨٣/٣/١ ـ یادی چوارەمین ساڵی کۆچی بارزانی

٥ ساڵ بە سەر کۆچی بارزانیدا تێپەڕیوە و دیسان هەژار وەك ساڵانی پێش، نەیتوانیوە باوەڕ بە زاڵ بوونی مەرگ بە سەر بارزانی بکا دیسان لە فرمێسك هەڵوەراندن چ هەواڵ نییە ....

سەرەتا بارزانی بە باوکی شیرین نێوزەد دەکا. هەژار بەشیلەی خۆشەویستی بارزان گۆچ کراوە، بۆیە وەك منداڵێکی

دلْپڕ و خوێن شیرین ئەو ئینسانە مەزنە بە باوکی شیرینی خۆی دەزانیّ.

دواتر هەژار بارزانی بە رۆژیاری تیشك دەر و ژینبەخشی خۆی دەزانیّ و پێنج ساڵی دووری بە رواڵەت بە هەزار ساڵی تاڵ دەزانیّ. هەژاری شەیدا و عاشق ـ لێرەدا ـ بیّ ئۆقرە دەبیّ و سەبووری لە دەست ئەدا و گلەیی لە رۆژگار دەکا کە دەنگی هەژار لاوێنە وەو دیمەنی خەم تا وێنەوەی بارزانی لە بەر چاو ون کردووە.

هەژار گوێی خۆی بیّ خێر دەزانیّ و چاوی کوێر ئەوەش گۆشەیەکی کەسایەتی راستەقینەی ئەویندارانەی هەژار پیشان ئەدا کەبە تەوازوعەوە لە بەرانبەر بیر و مورادەکەی دائەدویّ.

ئەمجا هەژار دەبێژیّ ئەو کەسانەی بارزانییان نەناسیوە و دێن و دەبێژناکەچیتر بارزانی نەماوە و گڵ شاردۆیەتەوە و تۆش لە بیری خۆتی بەرەوەن.

هەژار ئەم قسانە دەبیسیّ کەچی وەك ئیقرار دەکا دڵی ئەو بەم جۆرە قسانە بیّ باوەڕە و قەت ناتوانیّ باوەڕیان پیّ بکا و لە لای وەك بادی هەوا دایە.

هەژار کەلەئاخاوتن دەگەڵ بارزانی نەمر دایە دەبێژیّ کە تانەوەشێنان دڵکورن و چەشنی ئەم دڵکۆرانە لەو دنیایەدا زۆرن.

ئەمجا هەژار بۆمان و نەمری بارزانی پشت بە ئەمەك ناسان و ... دەبەستێ کە ئەوانیش هێشتا لە سەر ئەو باوەڕەن کە بارزانی ماوە و گڵ نەیتوانیوە ناوی لە بیر یاران بباتەوە.

دیسان هەژاری قوتابی ئاور لە کەسایەتی و تایبەتمەندیەکانی بارزانی نەمر وەك: مەردایەتی و کوردپەروەری ئەداتەوە. ئەمجا یەکێ لە رەنج و نیگەرانیەکانی بارزانیمان بۆ گوزارشت دەکا ئەویش ئەوەیە کە چلۆن بە دەست تاقمێك نەزان و دڵ پووچەڵ و دوو زمان وەرەز ببوو و نەفرەتی لەم قافڵە بێ ویژدانە کردووە.

هەژار دەبێژێ کە بارزانی نەمر چیتر نەیدەویست لە سەر عەرزدا بمێنێ و حاڵ و خێوەتی خۆی بۆ ناو دڵان گوێزتووتەوە بۆ ناو دڵی مەردانی پاك و بێ گەرد تەنانەت بۆ ناو دڵی ئەو هەژارەخەسارەش.

هەژار دەبێژێ گەرچی دڵی من تەنگە بەڵام مەڵبەندی ژیانی ئەبەدی بارزانییە مەڵبەندی حوکم کردنی بارزانییە. و زیاتر لەوەش دەبێژێ کە ئەگەر هێشتا دڵی زیندووە و ئەوە یاد و خۆشەویستی بارزانی نەمرەکە زیندووی هێشتووتەوە. لە درێژەی شیعرەکەدا دیسان بەو جیهانی کەسایەتی بارزانی نەمر با ئەداتەوە و لە کۆتاییشدا دیسان هاوار دەکا: کە بارزانی بۆ ئەو هەمان کاك مستەفای جارانە کە هومێدی هەژاران بووە و ئێستاش جێی هیوا و هومێدی هەژارانە.

# بە یادی بارزانی

جـــاروبـــــارە لـــێــــرە لـــەوێ

چپێـــکـــم بـــەر گـوێ دەکەوێ

هەنـــاسە ســـارد دڵ بە ئـــێشن

ماتـــن ئـــاخان هـــەڵدەکـــێشن

حـــەیفێ بـــارزانـی نـــەمـــاوە

بـــێ مـــیـــراوە ئـــــەم دەراوە

مـــن بـــەزەییـــم دێ بـــەوانـە

ئـــەو چـــاوی دڵ بـــە خـەوانە

کـــەسێـــك بـــارزانـــیی دیـبێ

یـــان دوور بـــە دووری ناسیبێ

دیـــتـــنـیـــشی نـــەویـــستـــبێ

هەر کـــردەی ئـــــەوی بیـستبێ

چـــۆن بـــیری وا بـــێ فەڕ دەکا

چ دڵـــدارێـــك بـــاوەڕ دەکـــــا!

★ ★ ★

هـــەژارێك بووم سەد جار مردوو

وەك قانـــگەڵاشکی بـــابـــردوو

زریـــان لـــه ســەر ڕێی لا دەدام
شـــەماڵ ســـندەی پێـــدا دەدام
گێـــژەڵووکـــە دەیـــسووڕاندم
بـۆ ڕەشـــەبـــای دەڕەتـــانـــدم
ســـووکـــتر بووم لە پرزە کایەك
نـــە پـــەسیـــوێك نـە پەنایەك
هـــەر هێنـدە بوو دەبزووتمەوە
خـــۆڵەمێش بووم دەشسووتمەوە
جـــاڕس لـــە ژین بێتاو و تین
وشـــکی دڵ پـــڕ شـەپۆڕ و شین
لـــە ســـۆڵەی کـــلۆڵی چـــڕژاو
لـــە تـــینی نەگـــبەتی بـــڕژاو
فێنـــکایـــیم لـــە دنـــیا قـــاتی
چـــیم زۆر بـــوو بەڵا و نەهاتی
نـــە مرۆ نـــە جـــانەوەر بووم
هـــەژگەلێکی خـــاکەسەر بووم
پـــشتـــم جـــدە و لـــە بێگـارا
بێگـــار بـــە هـــەر چوار کەنارا
یەخسیری چەندتوخم و جۆران
چـــەند ڕەگەز لە خاوەن زۆران

یەکیسپی یەك زەردەیەك رەشە
جنێوفـــرۆش بــــە هــــەڕەشــــە
نــــرکەت نــــەیە ئــــاغات تـرکە
چــــرکە مەکــــە عــــارەب سرکە
کـــوێخای ســــەر بێگــــار تاجیکە
ســــەرشۆڕ بـەو چی دەڵێن بیکە
شــــەو مــــەیە دەر دەتــــڕفێنن
گــــوریســــیان هەس دەتخنکێنن

★ ★ ★

لــــە مــــەودای زۆر ســــاڵانمــــدا
لــــە دەرگــــای زۆر مــــاڵانــــم دا
مــــەردێــــك نەبوو سەر دەرێنێ
بــــەخــــێسە بێ تێــــم رامــــێنێ
تــــفیــــشیــــان پێــــدا نــــەدەدام
دوژمــــنم بــوون ئۆقرە و هەدام
هەڵــــوەدا، شێــــواو، سەرگەردان
ئــــاوارەی ســــەر هەرد و بەردان
بێ هێز، سیس و زەرد هەڵگەڕاو
زەبــــوون و تــــوانــا لانــــەمــــاو

نـــاهومێـد بەرەو هیچ دەچووم
بۆ خــۆم پیادە سوار بوو پشووم

★ ★ ★

گـــاوێك نـــازانم چـــۆن گاوێك
هـــاتە بـــەرم كـــانی و ئـــاوێك
لـــە ســـەر كـــانی شەنگەدارێك
جێ سانەوەی گشـــت هـــەژارێك
بلێـــم چـۆن بوو سەرچاوەكەی
چـــۆن بـــدەم پـەسنی ئاوەكەی
ســـەد جـــار شـیرینتر لە گیانم
روونـــتر لـــە فـــرمێـــسكەكانم
ئـــاوی حـــەیاتی گـــۆڕین بـوو
كـــە لـــە خـدر بە پەرژین بوو

★ ★ ★

خـــۆم گـــەیانـــدە بەر سێبەرێ
دنـــیا ئێـــرەییم پـــێ بـــەرێ
نـــەك هەر من بەسەت هەزاران
لـــە تـــــازە لاوی هـــــەژاران
لـــە پـیری یەخسیری خەم چێژ

لــــە دایـــك زارۆی مەمــك مێژ
هەمـــوو كـــوردێكی دڵ بـــرین
بێكـــەس و هـــەژار جگەرخوێن
بـــە ملـــیۆن گیان و دڵ تioونی
به كـــزی و كەساسی و زەبوونی
گـــەلە دیلـــی لـــە ژمارە بەدەر
دڵ پـــڕ كـــەسـەر بێ سەروبەر
لــــە چنـــگ خوێنمژان راكردوو
بەغیـــلیان دەبـــرد بـــە مردوو
لاكـــە لاك تـــین داتـــەكاو بوون
بـــەرەو ئـاوێك چاوە چاو بوون
وێـــڕای مـــن گەینە سەر دەراو
بـــە سێبـــەری فێـــنك و هەراو
خـــورەی ئـاو هاشەی گەڵای دار
هەتـــوان بـــوو لـە گیانی زامار
لـــەو ژێـــر ســـایە حەساینەوە
دەستـــەو لـــەحـــاز بووژاینەوە
له بیر چوو یەخسیری و نەبوون
هاتینـــەوە ســـەر دونیای روون

پـــاش مردن زینـــدوو بووینەوە

بـــەرەو ژیـــن تێ هەڵچووینەوە

ئـــەو ســایە چەورە لە سەرمان

بوو بە گـــەورەتـــر رێـــبەرمان

بـــە هـــێز و گـــوڕ رایپەڕاندین

کـــورد خـــۆرانی پـێ بەزاندین

بـــووینە نـــموونەی ئـــازایـــی

بـــووینە لـــەشکـــری خـودایی

ئـــەو شـــەنگە دارەی سەرچاوە

مستـــەفـــا بـــارزانیـــی نـــاوە

بـــەڵێ مـــستـــەفـــا بـــارزانـی

هـــەمـــوو کوردێك بە قوربانی

★ ★ ★

بیـــست مـــلیۆن پتر گەلی کورد

بێهەستوخوست زۆر سالأن مرد

بـارزانـــی گـــیانی ژیـــانـــدەوە

لـــە گـــورگـــانی ئـــەستاندەوە

گـــوێ هـــەڵخەن لە هەموو لایە

هەر قرمـــە و زرمـــە و هەرایە

تـــەقـــەی تفەنگی هەر کوردێك

بـــۆ ئـــازادی لـــە هەر هەردێك
بـــە ئـــاشكـــرا، بـــە ڕەوانـــی
دەڵـــێ بـــە یـــادی بـــارزانـــی
بـــارزانـــی ســـەرەتـــای دانـــا
هـــەر ئـــەوە هـــاوار و هـــانـــا
خـــاوەن زۆران و كـــوردخـۆران
كـــەوتوونە بـەر لێزمە و بۆران
ئـــاوات بـــە زینـــدوو بوونەوە
ڕاپـــەڕین، تـــێ هـــەڵچوونەوە
لە بـــارزانیـــیەوە بـــوو بە باو
لە بـــارزانـــییەوە بووینە پیاو
دەمـــی ئـــەو كـوردی ژیاندەوە
زامـــی ســـەختـــی بـــڕژاندەوە

★ ★ ★

كـەسێ خۆی سەرچاوەی ژین بێ
بۆ دڵســـاردان هـــێز و تـــین بێ
چـــۆن بـــاوەڕ دەكـــەن مردووە
نـــەخـــێر بـــارزانی زیـــندووە
زۆر زیـــندووتـــر لـــە پێشووە
یـــادی بـــۆ كـــوردان تـــێشووە

تـــا وشـــەی ئـــازادیـــخـــوازی

تـــا لـــە ڕێی وڵات گـــیانبـازی

بمـــێنێ کـــە هـــەر دەشـــمێنێ

بـــارزانـــی نـــوشست نـــاهێنێ

دنـــیا بمـــرێ ئـــەو نـــامـــرێ

مـــردن پێـــشی ئـــەو نـــاگرێ

کـــاکـــە مســـتەفـــا بـــارزانی

تـــۆ بـــۆ کـوردان گیانی، ژیانی

هـــەر بـــژی وەکـــو هەر ژیاوی

هـــەر بمـــێنی وەك هـــەر ماوی

١٩٨٥/٣/١: یادی شەشەم ساڵی کۆچی بارزانی

هــەژاری شــەش ســاڵ بێــوەری لــە دیــداری بــارزانی نــەمر لــە بارەگـای شەشـەمین یـادی کۆچـی ڕواڵـەتی بـارزانی خۆشەویسـت و دا، ســەرەتا ئامــاژە بــەو چــرپە و بۆڵانــە دەکــا کــە لــە ژێــر لێــوەوە دەبیســـترێ و ئـــاخ و هەناســـەی ســارد بـــۆ کۆچـــی بـــارزانی نـــەمر هەڵدەکێشن. هەژار بـەزەیی بـەم کوردانـە دێتـەوە کـە چـاوی دڵێـان خەون ئالۆیە.

دواتر دەبێژێ کـە کەسێك بـارزانی دێیێ یـان تەنانـەت نـاوی ـ دووراودوور بیســتیێ ئەگــەر نــەش ویســتیێ ـ بــە هــەرهۆ ـ ببیــنێ

کەچـــی گــەر کردەوەکــەی بیســتیێ. قــەت بــیری واشــی بەدفــەڕ و شــووم ناکــا، چــونکە هــیچ کــوردێکی دڵــدار و عاشــق بــاوەڕ بــە نەمانی بارزانی ناکا.

پاشــان هــەژار پــەردە لــە ســەر ژیــانی خــۆی هەڵئەداتــەوە کــە چــەند پەرێشــان و ئــاوارە و دەربــەدەر بووگــە لــە زۆردەرگــەی داوە کەچی کەس دەرگەی لە روونەکردۆتەوە.

هەژار حیکایــەتی دیلەیــەتی و یەخســیری خــۆی دەگێڕێتــەوە کــە چـــــەند جــــارِس و ناهومێــــد بــــووە و چ کلـــۆڵی و کـــوێرەوەری گەلێکی تەجرووبە کردووە.

دواتــر دەبێــژێ کــە لــە ئــەنجامی ئــەو ژیانــە پڕچەرمەســەرییــەدا بــارزانی نــەمرم دیتــەوە کــە نــە تــەنیا بــۆ ئــەو بــەڵکوو بــۆ هــەزاران هــەژار ســێبەر و خۆشەویســتی بــووە و تــین و هێــز لــە بــەر هــەژار دەکاتەوە و هومێدی پێ دەبەخشیێ.

لـــە ســـای ئـــەم گـــەورەییـــەی بـــارزانی، هـــەژاری شـــاعیر و هــەزاران هــەژار دەحەســێنەوە ودەبوژێنــەوە و تــەم و مەینــەتی دیلـــی لە بیر دەکەن و بەرەو دنیای روون دێنەوە و دیسان ژیان ...

هەژار ئیشارە بەو راستییــە دەکــا کــە بــارزانی نــەمر لــە خــەبات و شۆڕشـــە کوردانەکـــەی دا، کـــورد خـــۆرانی بەزانـــدووە و تـــەمی ترســی رەواندۆتــەوە لــە کۆتــایی ئــەم بەشــەی شیعرەکەشــیدا هــەموو بـــە قوربـــانی ئـــەو خـــودان و گیانبـــەخش و درەختـــە ســـێبەر بەهرەمەندە، دەکا.

پاشـان دەبێـژێ کـە بیسـت ملیـۆن کـوردی رەش و رووت و ... زۆر سـاڵان مـردن کەچـی سـەرهەڵدانی بـارزانی نـەمر ژیانـەوەی بـۆ کـورد بـە دیـاری هێنـا و کـوردی لـە چـنگ گورگـە ئینسانخۆرەکان ئەستاندەوە.

هـەژار تەقـەی تفـەنگی پێشـمەرگەکان و یـادی بـارزانی ئاوێتـە دەکـا یـانێ خوشەویسـتی سـەنگەر و شـەڕ و ژیـانی ئاسـایی گرتۆتەوە.

هـەژار لـە سـەر ئـەو باوەڕەیـە کـە مـەلا مسـتەفای بـارزانی سەرەتایەکی تـازەی بـۆ ژیـانی کـورد دانـاوە و بـۆ خۆشـی پەناگـە و هاواری گەل بووە.

بـارزانی بـە سـەمبۆلی زیندووبوونـەوەو کراسـی کەرامـەت لـە بـەر کردنـەوەی کـورد دەزانـێ. هێـز و تـینی بـارزانی ژیانبەخشـی کورد بووە و زامی سەختی گەلیشی سارێژ کردووە.

لـە بەشـی کۆتـایی «بـە یـادی بـارزانی»دا هـەژار بـارزانی بـە سەرچاوەی ژین دەزانێ.

بارزانی نەمر لە روانگـەی هـەژاری قوتـابییـەوە ئـەو زاتەیـە کـە هێز و تینی دڵساردان بووگە ئەمجا پرسیار دەکا:

چـۆن بـاوەڕ بـە مـەرگی بـارزانی دەکـەن؟ و بـۆ خۆشـی وەڵام ئەداتەوە، بارزانی زیندووە و تەنانەت زیندووتر لە جارانە.

دیسان هەژار دەبێژێ مادام ئازادیخوازی و گیانبازی بمێنێ، بارزانیش دەمێنێ. هەژار پلەیەك ترسەر دەكەوێ و تەنانەت دەڵێ: ئەگەر دنیاش نەمێنێ دیسان بارزانی زیندووە و نامرێ.

دواتر هەژار، بارزانی بە سەرچاوەی ژین بۆ كورد دەزانێ و دەڵێ: هەر بژی وەكوو هەر ژیاوی ـ هەر بمێنی وەك هەر ماوی.

## خوایه بەس نەبێ ئیتر

بـــارزانـــی بـــاوك و بـرای كورد
لـــە شـــەوەزەنـــگا چـــرای كورد
هـــیوا و هـــومێدی كـــوردستـان
رووگـــەی راســـتی كوردپەرستان
لـــەم بـــەهەشتـــەی كوردەواری
چـــەوســـاون و رەنج بەخەساری
چـــەند بەرەمان هاتین و چووین
بەنی و كۆیلـــەی بێـــگانە بووین
كەس نەناس و بێ خەبەر مـــاین
تـــۆ رێـــی شـەرەفت نیشان داین
بـــە رێبـــەڕی پێـــشمان كەوتی
هیـــچ گـــاوێك تاوێك نەسرەوتی
لەهەركوێبووی بۆهەرجێ چووی
چـــقڵی دڵـــی نـــامـــەردان بووی

★ ★ ★

ئـــەی ئـــەوەی بـــۆ رزگاری كورد
لـــە رای خـــوا جیـــهادت دەكرد

ئـــەی هـــەمـــیشە لە بەر چاوان
جـــێ شـــانازیـــی هەموو پیاوان
ئـــەی نـــموونەی ئـــازایـــەتـــی
بـــێ هـــاوتـــا لـــە مـــەردایەتی
بـــێ وێنـــە بـــۆ ئەمـــەگـداری
رەوێـــنـــی تـــــەمـــی هـــەژاری
ئـــەی ئـــەو مـــەردەی تا هەتایە
باســـی چـــاکەت بنـــەی نـــایە
گـــەر بـــە روالّەت بـــەر پێواری
بـــە گیـــانی پـــاك ئـــاگـــاداری
دەبیـــنی چمان بـــە ســـەر هات
دە هـەژمـــار نـــایـــە کـــارەســـات
رەوەدەی زێـــدی کـــوردخـــۆران
خـــوانـــەنـــاس و خـــاوەن زۆران
شیشاونە گیـــانی گـــەلـــەکـــــەن
مـــلـــە دەکـــەن پـــەلـــە دەکـــەن
گـــرێـــویـــانـــە بۆ نـــەمـــانـمـــان
جـــاڕکـــێشانـــە بـــۆ قـــڕانـــمـــان
ســـڵ نـــاکەن لـــە خوێن رشتنمان
بـــێ ســـووچ و تـــاوان کوشتنمان

هــــەرگــرتـــنــە و لــەداردانــە
هــەر مــەنگــەنــە و ئــازاردانــە
بـــە تــۆپ دانـــە، بــۆمـــبارانـــە
ســووتــانـــی گــونـــد و شـــارانە
تـــالآنـــە، هــەست و نست چوونە
بــە دەستـــی زالّــم دیــل بوونــە
ئـــەنـــوامـــان بـــەنـــد و زیندانـە
گــفتیان هـــەر ژەقنـــە و سندانە
كێـــش كـــە لە بەندان دەرچوونە
رەویـــنە و لێــكتر دوور بـــوونـــە
بــــە هـــــــەزاران و هــــــــەزاران
وانـــە لـــە نـــاو مـــەكـۆی ئاواران
وەك تـــــۆمی هــەرزن بـــلآوین
بــە بنـــیـــادەم نـــەنـــاســـراویـــن
بــاب ئـــاگـــای لـــــە كوڕ نەماوە
خۆشك بـــێ بــرا كـــیژ بـــێ باوە
زارۆمـــان لــە نــاز بــێ بــەشــن
خوشــك و دایــك سـەر بەهەشن
لە مـــایـــەی ژیـــان بـــەش بــڕاو
لێقــەومــاو ئـــاشتـــەبا نـــەماو

هــەر گــەڕە و هــەر تەشقەڵەیە
هــەر پــێ وەگــوێزیــن تــەڵەیە

★ ★ ★

تــــەنــانــەت زمــانــەكــەمــان
شــایــەتی هــەر مــانــەكــەمان
كــە خــەڵاتــێــكــی خــودایــە
لای خـــــوانــەنــاس نــاڕەوایــــە
ڕەوای نــابــیــنــن بــیــخوێنین
بــە كــوردی یــەكــتر بــدوێنین
گــەلی كورد شێست چەرخە ژیوە
هــەرگــیز دەردی وای نــەدیــوە

★ ★ ★

كــاكــە تــا تــۆ لــە ناومان بووی
هــەژارپــەروەر بــۆ خــودا بووی
ئێستــاش كــە چــوویتە بارەگای
دیــارە خــۆشــەویــستی خــودای
بێــژە خــوایــە پــشوو تــاكەی؟
بــۆ ڕوحــمێ بــەو كوردە ناكەی
بــە بــەڵێن و ســۆزدانــەكــەت

کــه هــان لــه نــاو قورئانەکەت

فــەرمــووتــە: «لـە پاش تەنگانە

نــۆرەی ســانــەوە و خــۆشــیانە

دنــیا دەســتــاودەست پێ دەکەین

ستــەمــکــاران لــە نــاو دەبەین

ئــەوپــەڕی بــەزە لای مــنـــە

دەســت درێــژکــەر پێم دوژمنە»

★ ★ ★

دەی ســا کــێ لــەم هەرد و بۆیە

وەك کــورد شیــاوی بـەزەی تۆیە

کێ لــەم ســەرزەویــیـە هــەراوە

وەکـــو کــوردی لــێ قــەومــاوە

خـــوایــە کــە مــنــت بــردەوە

بــە ئیــدریــس تــۆڵەت کردەوە

ئیــدریــسیــشت لــێ ســانــدەوە

بـــریــنــت لـــێ کــولانــدەوە

★ ★ ★

خـــودا بــۆ خــاتری خــوداییت

بــۆ خــاتــری تــاك و تەنیاییت

یــا بــەس بیٚخۆلە کورد بواردن
بــە کــەڵپی گــورگـان ئەسپاردن
نــزای ژنـــەبــی و بــیٚ بـــاوان
هــاوار خــوای رۆنــدك لە چاوان
دەریــای بــەزەت وەجــۆش بێنیٚ
پــێل بــدا و خــەم بــڕەتــێنــیٚ
ئــەو گــش پــێــشمەرگە دڵپاکە
رێــڕەوی ئــەم رێــگــە چــاکــە
کــە گــیانی خــۆ فــیــدا دەکەن
داوای مـــافـــــی رەوا دەکـــــەن
رێــگــەی هــەقیــان گرتۆتە بەر
بــە گیــان بــوونە لەمپەڕ لابەر
دەس لــە دەس یــەکــا پیــکەوە
هــومــێدیــان بــە تــۆ پــتــەوە
دەی تــۆش ئــاوڕ لــێــوەدانــێك
جــارێــك ئــازادانــە ژیــانــێــك
لــەم یــەخسیریە رزگار بوونێك
تۆزێك وەك خــەڵکی تر چوونێك
چــی تــر بــیٚ پــەنا نــەمــێنن
تــۆی تــۆ لــە بیر چوون نەچێنن

خــواپــەرستــان لــە یــاد مـەکە
خـــودانـــەنــاســان شــاد مەکــە
ئــەم ســەرۆکــە و پیـێشمەرگانە
کــە وەك تــۆڵای پـــۆڵا وانـــە
مــەســعــوود و یــار و هــاوکاری
وەســـــەرخـــــە بــەرەو رزگــاری

هــەژار لــەم شـیعرەدا بـارزانی نـەمر بـە بـاوك و بـرای کـورد، چـرای کـورد، هیـوا و هومێـدی کـورد و رووگـەی کوردپەرسـتان دەزانێ دوایی ئاماژە بـە مێـژووی سـتەم و جینایـەتی داگیرکـەران لـە کوردسـتانی بەهەشـت ئاسـا دەکـا. باسـی کۆیلـەتی دەکـا و ... ئەمجادێتـە سـەر باوەڕەکـەی خـۆی کـە بـارزانی رێگـای شـەرەفی پیشـانی گـەل داوە و بـەردەوام لـە خـەبات و تێکۆشـان بـووە و هەمیشـەش لـە سـایەی ئـەم خەسـڵەتە مەزنانـەوە چـقڵی چـاوی نامەردان بووە.

لــە بەشـی دووەمـدا هـەژار دیسـان خیتـاب بـە بـارزانی نـەمر دەئـاخڤێ و باسـی ئازایـەتی و مەردایـەتی و کوردایـەتی و خـەباتی هەقخوازانـەی دەگێڕێتـەوە، پاشـان باسـی سـتەم و غـەدری بـێ وێنـەی داگیرکـەران دەکـا کـە چـۆن بـێ بەزەییانـە کوردسـتانیان خسـتۆتە ژێـر بۆمبـا و تـۆپ بـارانی خۆیـان و بـێ روحمانـە خـەریکی کوشتن و تـاڵان و سـەرکوت کردنـی کـوردن هـەژار باسـی خـەمینی

کیــژ و ژنــی کــورد بــۆ بــارزانی نــەمر دەکــا دواتــر دێتــە ســەر ئــەو راســتی‌یــە تاڵــەی کــە کــوردی خوێنــدن و کــوردی نووســین لــە کــوردان قەدەغەیــە و کــوردی خــاوەن زمــان مــافی نــی‌یــە بــە زمــانی خۆی بخوێنێ.

هەژار بـەر چـاوتەنگانی سـتەمکار بـە خوانـەناس دەزانـێ چـونکە زمان بـە خـەڵاتی خـودایی دەزانـێ کەچـی ئـەم مـەلعوون و نەگریانـە ئیـزن نـادەن کـورد بـەو زمانـە خـەڵاتی خوایـە پـەروەر دەبـێ لــە کۆتایسانە، ئەم بەشـەدا هـەژار بـۆ بـارزانی خۆشەویسـتی دەگێڕێتـەوە کــە لــەو شــەش هــەزار ســاڵەی تەمــەنی ژیــانی کــورد ئەوەنــدە دەردەوار و چارەڕەش نەبووین.

هـــەژار لـــە درێـــژەی شـــیعرەکەدا داکـــۆکی لـــە ســـەر هەژارپـەروەری بـارزانی دەکـا و ئـەوەش بـۆ ڕەزامەنـدی خوداوەنـد دەزانــێ ئــەمجا دەبێــژێ ئێســتا کــە تــۆ - بــارزانی - چووگیتەســە بارەگـای خـوا کـە لـەوێش بـەهۆی کـردەوەی چـاکەت لـە دنیـادا خۆشەویستی و جێگای ڕێز و حورمەتی ئەو تکایەم بەرەبۆ خودا.

خوایـە پشـوو تاکـەی؟ بـۆ ڕۆحمـێ بـەو کـوردە ناکـەی؟ هـەژار بێدەنگی خوا لە حانـدی چەوسـاوەیی کـوردان دا بـە پشـوودان لـە قەڵـەم ئـەدا و ئـەمجا بـە ڕوانگەیـەکی ڕەخنەگرانـەوە لـە خوداوەنـد دەپرسێ کە بۆچـی ڕۆحمـێ بـەو میللـەتـە ناکـەی و ئـەم پرسەشـی بـە بــارزانی نــەمر و خۆشەویســتی وەك ئەمانــەت ئەســپێرێ تابینانــە لای خوداوەندەوە دواتـر هـەژار بـە پشـت بەسـتن بـە ئایـەت گـەلێك لـە

قوربیبانه که لەوانەدا خـوا خـۆی باسـی ئـەوەی کـردووە و تەنانـەت بـەلێنی داوە پـاش تەنگانـە خۆشـی و حەسـانەوە دەبـێ و ... کەچـی گەلی کورد ....

هـەژار بەمـەوە ناوەسـتێ بـۆ حەقانیـەتی ویسـت ودا خوازەکـەی ئـەو تایبەتمەندیانـەی ژیـانی کـورد بـۆ خوداوەنـد دەستنیشـان دەکـا تـاکوو پاشـای هـەر دوو جیهـان بـە تێرانـەدەبۆ پرسـەکەی هـەژار بڕوانێ و ئاوڕێك لە کورد بداتەوە.

هەژار دەبێژێ کە لەم جیهانـە کـێ بـە قـەد کـورد لـێ قـەوماوە و کـێ بـە قـەد کـورد شـیاوی بەزەیـە.لـە درێـژەدا دیسـان رەخنـە گرتنـە کـە خوداوەنـد پـاش ئـەوەی بـارزانی نـەمر بـۆ لای خـۆی ئەباتەوە ئیدریس گوڵی خانەدانی بارزانیشی لەمە ئەستاندۆتەوە.

ئـەمجا هـەژار، هەژارانـە دەکەوێتـە سـوێنددانی خوداوەنـدەوە و سـوێندی ئـەدا بـە تـاك و تـەنیایی تـا لەمـە زیـاتر خـۆی لـە حـەنای چارەنووسی گـەلی کـورددا بـێ تـۆفیر پیشـان نـەدا و چیتر نـەیلێت کوردان خۆراکی گورگە دڕکاەن بن.

هەژار لە خـوا ئـەخوازێ دەریـای بـەزەیی وەجـۆش بـێنێ تـا ئـەم وەجۆش هاتنە خەمی کوردان برەوێنێتەوە.

پاشـان هـەژار حەقانیـەت و راسـتەقینەیی خـەباتی گەلەکـەی بـۆ خوا باس دەکا و شەڕی هێزی پێشمەرگەبە هەق دەزانێ.

هـەژار هیـوا و هومێـدی پێشـمەرگەی دلپـاکی کـورد بـە ئـەو خودا دێنیتـە وە لـە خـودا تەڵـەبی ئـا واوڕدانەوەیـەك دەکـا. تـا ئـەو

ئاورِدانــەوە بێتــە هــۆی خولّقانــدنی ژیــانێکی ئــازاد و بەختیارانــە بــۆ کــورد وەك دریکەگــەلانی عالــەم. هــەژار مەترســی خــۆی لــە ئاســتی چــاندنی توناهومێــدی ناشــارێتەوە و بــۆ خــوای دەگێڕێتــەوە. ئــەمجا هەژار ڕەخنە دەگرێتــەوە و دەبێــژێ کــە خوداپەرســتان لــە بــیر مەکــە چــونکە ئــەم لـــە بــیر کردنـــە دەبێتـــە هـــۆی شـــاد بـــوونی دلّـــی خوانەناسگەل.

لــە کۆتاییشــدا لــە خــوا دەخــوازێ کــە ســەرۆك و پێشــمەرگە و کــاك مەســعوود بــارزانی ڕێبــەری **P.D.K** و هاوڕێــانی بــۆ گەیشــتن بە رزگاری یاری بکات.

هەژار ســەرەتا پەســنی پێشــەواکەی دەکــا پاشــان باســی کۆیلــەتی و ژێردەســـتی کـــورد دەکـــە دواتـــر لـــە فەلســـەفەی خـــەبات و تێکۆشــانی بــارزانی نــەمر ئــەدوێ و ســەرئەنجام بــارزانی نــەمر ـ کــە ئێستا میوانی خوداوەنــدە ـ دەکاتــە وەکیلــی خــۆی تــا چــەند پــرس و ڕەخنەیــەکی بگەیەنێتــە خــودا. پاشــان ئامــاژە بــە کۆیلــەتی و بــن دەســتی کــوردی لــێ قــەوماو دەکــات و ... بــەلّێ بــارزانی تــەنیا لــە دنیا، تەنیا لــە ســەنگەردا، هــاوڕاز و هــاوڕێ هــەژاری شــاعیر نــەبووە بــەلّکوو ئێســتاش کــە ٩ ســالّ بــە ســەر کۆچــیدا تێپــەڕ بــووە هــەر خۆشەویست ورێبەریەتی: هــەژار لــە بارەگــای یــادی یــاردا لــە بــاتی فرمێسك هــەلّوەران و شــین گێــران گلــەیی لــە بــەختی کــورد دەکــا و یادی یکردا.

# وەك بارزانی نابێتەوە

بـــارزانی بـــاوکی پـــیـــرۆزم
جێـــی فەخر و شانازیی هـــۆزم
ئـــەوە مـــاوەی یـــازدە ســـاڵە
کـــە لـــە مـن سەد هەزار ساڵە
هـــەر بـە رووالەت لێم تەریکی
وەکی دیـــش هـــەر لێم نزیکی
لـــە تۆ دوورە دیـــدار مـــاوم
خۆشم نازانـم چـــۆن ژیـــاوم
خەمی دووریـــت کردی کـــارێ
ئۆقـــرەم نییە بە هیـــچ بارێ
هێنـــدەی دوور لـــە تۆ مامەوە
لە تـــوونی خـــەم تاوامـــەوە
نەمـــا هێـــز و پـــێز و توانـم
کە لە لام، بـێ سەر و زوانـــــم
لـــە سوێـــت وا کزە سۆمایـیم
نـــاتبینێ چـــاوی ئـــاساییم
بە گـــوێ لە بەختی نەگریسم
ناشیم، فـەرموودەت ببـــیسم

نامکرێ وەك جــاری جـــاران

بێـــمە لات وێــڕای هــەژاران

یەك یـەك بە سەرمـان کەیەوە

دڵـــخۆشیـــمـان بــــدەیـــەوە

بــــەڵام لــە گــیـــانی نــــزارم

لــە دیــــــدەی دڵـــی پــــەژارم

ون نابیو هـەرگیز ون نەبووی

مـن بێ تۆ تـۆش بێ من نەبووی

شـــەو بــە خـەو یا بە بێداری

های لە لام و تــــۆم لێ دیــاری

لــە دنیـــا هـــەر تـۆ دەبینم

بۆ بوویــە رووگــە بۆ ژیــــنم

تـــا بـاسی خـاوەن هونـەران

کەهـەڵکەوتوون لە هەر دەران

لـــە کــــتێبان وەدەخـــــوێنم

لـــە وێنــــەی تـــــۆ رادەمــێنم

لە هـــەمبەر تۆیان رادەنــــێـم

گـــورجـــێ گشتیان وەلا دەنێم

لە بــــەزەیی بـــە هــــــەژاران

کـــۆڵ نەدان لە رووی بەدکاران

لــــەمپــەری ستـــــەم پەڕاندن

گـــەل بـــۆ ئـــازادی بزوانـــدن

لــە سەر فەقیر فیز نـــەنواندن

دڵــــی خـــوێنمژان تـــۆقــانـدن

وەفـــاداری دەگـــــەڵ یـــاران

هـــانـــا و پەنـــا بۆ هــەژاران

نەمدیوە کـەس وەکـو تۆ بێ

نــاشێ هیـــــچ کەسیش ولــۆ بێ

لەو ســـاوە دنــیا دنـــیایـە

هـاوتـــای بـــۆ تۆ پێ شك نایـە

کـاکـە بـــارزانیـی ڕێبـــەرم

ئـەی تانـــــجی سەرم، ســـەروەرم

لەو ماوەی، ئێوە کۆچ و کــرد

ئەگەر پـــــرسیار بکەی چوکــرد

لــــەو ساوە بــۆ لای خوداچـــووی

لـــە ئێمە تــەرکە دیـــنا بـــووی

دوور لـــــە تۆ سێوی مایــنـــەوە

سیـــــس بووینو نەبووژاینـــەوە

هات و بەختمان وەرکـــــەوتـــن

دوژمنمان لـــێ وە خۆ کـــەوتـــن

لــــە ئـــــاوای و گوند و شـــاران
هـــــــەزاران کـــــران بۆمـــــباران
لە هـــــــەر لا گـــەمارۆ درایــــن
کـــــــوژراین، بـــراین و دیل کراین
بــــە هـــەزاران لـە دار درایــــــن
زۆرمـــــــان زینـــــدە بـەچاڵ کـراین
بە دەردی ژاپـۆنیان بـــردیــــن
بــــــە دەرمـــانان قڕیان کـردیـــن
ئـاوارە بـــــوویــــن و دەربەدەر
دەرمـــــــــان داوی بــێ چـارەسەر
ئیـدریـسی جـــێنشینی تـــۆ
رۆڵـــــەی ئـــــازا و ئەمیـــــــنی تۆ
هـانا بـــــوو بـــۆ بـــــرینـــــداران
چــــــارەســـــاز بو بۆ بێچـــاران
کـــۆنـــــە زامـــــی بـــــرژانـــدەوە
کــــــولـــمانی دامـــــرکـــــاندەوە
مخابن چـــەرخی دڵ بـــــە کین
ئـــــەویشی پــــێ رەوا نــــــەدین
بـــــەڵام با چەرخـــی بــێ بـــاریش
داگـــیرکــــەری کـــوردەواریش

**تێ بگەن کــوردستــان خــواردن**

**خــۆ لــە مــافی ڕەوا بــواردن**

**بــە ســەر چوو و بــاوی نــەماوە**

**ڕۆڵـەی کــورد پــەیمــانی داوە**

**تــا ماوە کــــە هــەر دەشمــێنێ**

**لــــە ئـــــازادی واز ناهێــــنێ**

**تــا مـافــی ڕەوای دەســتێنــێ**

**لــــە بـارزانی جــێ نەمێنێ**

یازدە ساڵ بــە ســەر کۆچــی ڕەحمــەتی مــەلا مستەفای بــارزان تــێ دەپــەڕێ، یــەکێ لــە قافلــەی عاشــقانی ئــەو کــوردە وڵات پەرستــە، شــــاعیرێکی وەفــــادار و هاوســــەنگەرە، یادگــــاری کۆمــــارە فرۆشــراوەکەی کوردســتانە، دۆســتی نێزیکــی حــەزرەتی «پێشــەوا قــازی محەمــەد»ە، ئــەم ئەوینــدارە دڵ برینــدارە لــە مــەداری تــەنیایی و بێکەســی دا بــە دەم یــادی یازدەهــەمین ســاڵی کۆچــی ڕواڵــەتی پیرەکەیەوە، ئەو بــە بــاوکی خــۆی دەزانــێ، ئــەویش بــاوکێکی پــیرۆز ئەو باوکەی کە تەنیا جێگــای فــەخر و شــانازی بــۆ ئــەو نییــە، بــەڵکو جێگای فــەخر و شــانازییە بــۆ نەتەوەیــەکی بــن دەســت و ســەرزەوین لەتلــەتکراو. ئــەمجا هــەژار، بــا ئەداتــە ســەر ڕەوتــی تێپــەڕبوونی ئــەو ماوەیــە و دەبێــژێ ئــەم هیجرانــە نەویســتراوە، بــۆ ئــەو وەك ســەد

هەزار سـالْ بووگـە. بێگومـان بـڕك و ئێشـی كۆچـی هـەلْۆی بـارزان بـۆ هــەژاری پێشــمەرگە گەلــەك ســەخت و كوشــەندەیە، چــونكە بــارزانی نــەمر دەســتی ئــەوی گرتبــوو، ســەنگەر و ســەنگەری پێكردبــوو، هــەزاران شــەو و رۆژ هاونشــینی ببــوو. ئەوەیــە رازی تراژدیــك بــوونی تێپــەر بــوونی پــڕ حەســرەتی رۆژانــی دوور كەوتنــەوەی – بەروالّــەتی – بــارزانی نــەمر. هــەژار مەودایــەك لــە نێوان خۆی و باوكی پیرۆزی نـابینێ هـەر بۆیـە ئـەو دوور كەوتنـەوە و جیــاییــە بــە روالّــەتی دەزانــێ و نێزیكبــوونی مامۆســتاكەی جــارێكی دی – جــارِ ئەداتــەوە. هــەژار كــە ســەرەتا بــە دیــدێكی عاتیفییــەوە دەســت پێــدەكا، لــە كــەناری حەقیقــەت دا خــۆی دەگرێتەوە.

هــەژار ســەر ســوورِمانی لــە حــەنای زینــدووبوونی خــۆی پــاش كۆچی یار دەرئەبرِێ.

خــەمی دووری نائــارام و بــێ ئــۆقرەی كــردووە و نــاتوانێ لــە بارەگــای دیــداری رۆحــی بــارزانی دا ئــەو رازە نــەدركێنێ. هــەژار ئامــاژە و ئیقــرار بــە بــێ هێزبــوون، خــەمباری، كەللــەلایی و... خۆی پاش كۆچی بارزانی دەكا.

هــەژار پــاش ئــەوەی دەبێــژێ كــە بــە چــاوی ئاســایی نــاتوانێ تێكــڕای هــەژاران قەلاّفــەتی پرِشــكۆی بــارزانی ببــینێ. دەبێــژێ كــە دیــدەی دلْ و گیــان دەتنبیــێ. بــارزانی تــەنیا لــە كــاتی هاوســەنگەری دا لەگەلْ هەژاردا نـەبووە، بـەلْكو ئێسـتاش كـە یـازدە سـالْ بـە سـەر

کۆچــی دا تێدەپــەڕێ لــە خــەو و بێــداری دا، دەگــەڵ هــەژارە و هــەژار نــاتوانێ بــێ یــار و بــیرەوەری ئــەو بــژیت، هــەژار عەشــقێکی ئەفلاتوونی بــە بــارزانی هەیــە. عەشــقێك کــە هــیچ چــوار چێوەیەکی بەرتەســـکی حیزبـــی – ئیـــدئۆلۆژیکی ناناســـێ، هـــەژار ســـەرجەم تایبەتمەندییـــە ئینســـانی و کوردییـــەکانی لـــە کەســـایەتی بـــارزانی دا دیتۆتـــەوە و ســـاڵەهای ســـاڵ لـــە نێزیکـــەوە ئاوێتـــەی هـــەوراز و نشێوەکانی ژیــانی بووگــە، عەشــقی هــەژار بــە بــارزانی رەگــی دەنێــو حەقیقــەتی ســادەی ژیــانی شۆرشــگێرانە و کورپەدوەرانــەی بــارزانی دایــە، بۆیــە ئێســتاش ئــەو هــەژارە بــەو ئەشــق و پەیمانــە وەفــادار ماوەتــەوە و شــەو و رۆژی لێورێــژی یادکردنــەوەی بــارزانی پــیر و مامۆستایە.

هـــەژار بـــەرزتر بـــۆ کەســـایەتی پیرەکـــەی دەڕوانـــێ و ئـــەو بـــە رووگەی ژیانی دەزانێ.

دیســـان هـــەژار پیرەکـــەی – مـــەلا موســـتەفا – بەســـەر تـــۆپی هونـــەروەرانـــی عالـــەم دەزانـــێ، ئـــەمجا ئامـــاژە بـــە هەنـــدێك لـــە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی بارزانی دەکا، وەك:

١ـ هەژار نەوازی

٢ـ کۆڵ نەدان

٣ـ ستەم تارێنی

٤ـ فەقیردۆستی

٥ـ خوێنمژ تۆقاندن

٦ـ وەفاداری

٧ـ پەناگەی هەژاران

هەژار پاش ئیشارەت کردن بەم رەوشتە بلێندەی بارزانی دیسان ئەو بە بێ هاوتا دەزانێ و بە تاجی سەر و سەروەری خۆی ناس دەکا.

تابلۆیەکی دی شێعری «وەك بارزانی نابێتەوە» بارودۆخی کوردستان و کورد پاش کۆچی بارزانی نەمری لە خۆ گرتووە.

هەژار لەم بەشەدا ئاماژە بە جینایەت و غەدر و ستەمی ستەمپەرستان و کوردکوژان دەکا کە چلۆن شێتانە بەر ببوونە جەستەی ناسکۆلەی کوردستانی دایکمان و لە هەر لاوە ئەنجن ئەنجنیان دەکرد، لە هەر لاوە رۆڵەکانی گەلیان بەرەو سیاچاڵ و بەندیخانە و سێدارە دەبردن، هەژار لە بەردەمی یازدەهەمین ساڵی تێپەر بوون بە سەر کۆچی یارەکەی دا، کارەسات و رووداوە تاڵەکان یان سادەتر بڵێیم نموونەی هونەری داگیرکەدان بۆ بارزانی نەمر دەگێڕێتەوە، کە تەواوی تەمەنی لە پێناوی ئازادی کوردستاندا خەباتی شێرانەی نواند.

باسی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدی بۆ دەگێڕێتەوە. باسی شەهید بوونی گوڵی خانەدانی بارزان دەکا، لەگەڵ ئەوەی کە پەسنی کەسایەتی ئەو شەهیدە باڵا بەرزە دەکاتن.

هەژار لەم دیدارەدا پیرەکەی لەئاست رووداوە تاڵەکان ئاگادار دەکاتەوە و پاشان نە تەنیا ناهومید نابێ بەڵکو چەرخی

چـــەپگەرد و داگیرکـــەدانی ستەمپەرســـت دڵنیـــا دەکاتـــەوە کـــە پێشێلکردنی مافی کـورد و کوردسـتان خـواردن ـــــ هـەڵ لووشـینی سـەروەت و سـامانی کـورد چـیتر تەمـەن درێـژ نـابن، و رۆڵـەکانی گەل پەیمانیان بۆ ئازادکردنی کوردستان داوە و...

بەختەوەرانـــە پێشـــبینی مـــام هـــەژاری موکریـــانی لـــە راپـــەرینی پـــیرۆزی ١٩٩١دا دەقـــاودەق هاتـــەوە و داگیرکـــەری فاشیســـتی بەعسی لە کوردستان راونـرا و ئـاڵای رەنگـینی گـەل لـە سـەر مـاڵی کورد دا شەکایەوە.

# کورد لە فەرموودەی تۆ ناگا

ئێمەی کورد چین؟ نایەژم کێین

دەبزووینەوە، دەچیـــن و دێیـن

بـــە رواڵـــەتی جـــانەوەریـــن

کامـــی؟ لە گشتیان کەمـــترین

جانـــەوەری کێـــوی و کـــەوی

زلی، گچـــکەی، بـەرزی، نـــەوی

وەر بکـــەون، بـــلـــەوەڕێـــن

سەربـــەستن، لێیـــان دەگەڕێن

هەر لە مێروو تـا مـــەل و مـار

هـــەیـــانە شـــوێنێ بۆ ستار

هـــیـچ لا بێ لان و لانـــە نین

بێ بـــوودڕ و کـــولانـــە نین

هـــەر گـــەلی کوردە لـــەم ناوە

بـــێ نـــانە و بێ لانـــە مـــاوە

لـــە ماڵی خـــۆی تـــەرە کراو

هـــێز لـــێ بـــڕاو، دەورە دراو

لــــە هەموو لاوە راو دەکـــرێ

تووش تەپکە و تەڵەوداو دەکرێ

زوان بــەستـــــە، دەم داد و راو

گشتی خـــــاوە و خڕی بـــلاو

خاکێ کە دەبوو هێنخۆی بـــێ

لە سۆنگەیەدا نان و دۆی بـــێ

لـــەت لـــەتە داگـــیر کــراوە

چەنـــد مـــــۆری پێـــوە نراوە

داهاتـــی ســـەر زەویـــنەکـــەی

بەر و بـــۆی، وشکە و شینەکەی

بـــە فیڕۆ بـــۆ ئـــەم و ئـــەوە

ڕۆژیش بێ بۆ ئەو هەر شـــەوە

بەیـــدەس کـــراوین لە خۆمان

بووینـــە دەســـەمۆی نـــامۆمان

لە خۆ بلاو، بۆ ئـــەوان کـــۆین

ئەشێ سەولەی ئـــەوان بخۆیـــن

غـــەوارە درزیـــــان داداویـــن

گەرەك جـــاجـــکی وان بجاوین

بە چەند نرتـــك نـــاو نـــراوین

بەچەندین رەنگ، رەنگ کراوین

خۆمـــان لـــەبیر بـــردۆتـــەوە

رەگـــەزمان لـــــەبیر چـــۆتەوە

لە جەم کەم و بــە دەم زۆریـــــن

لاپـــرەسەنی بەرمـــاو خۆریـــــن

بۆ دانــــی ئەوان بــووینە ئـــاش

بیلامانێ یەك بـــووینە جـــاش

لە جاشەتیشدا چــەند جۆریـــــن

سۆرین، شینین، بۆزین، بۆریـــــن

جاشــــدارەکـــانیـش دژ یەکـــن

لەسەر پاشوون چەنگ وەچەکن

بـــە جووتە تێکمان بـــەردەدەن

سەیـــر بـــاز و گازمـــان دەکەن

شەڕ و کێشـــــە و حـــەلـــەلایە

شەڕ لەســـەر لێفەی مـــەلایـــە

شێر و خـەت، وشـــك و تەڕیانە

لەسەر زێدی کورد شــــەڕیـــانە

ئێمەی کـــەپووك وەك پەڵاشین

بۆ دەستـــە چیلەی شەڕ باشیـن

با دەستـــەچـیـــلە گڕ بگـــرێ

چش بـــا جـاشگەلیان قڕ بکرێ

لـە ئاکـــام هەر کام سەرکـــەوت

یان ناکـــام فـــسی دا و خـــەوت

نابێ شین گێڕ بین بۆ مــردوون

بــۆ گەنج و ڕەنجی بـــابردوون

ناشـــێ دڵتەنگ و پـــەشێو بین

زۆرەکیش بێ، کەن لـــە لێو بین

بۆ ســـــەر داوەت بان کـــــراوین

بارە بـــەری نـــان و ئـــــاویـــن

گەرەکە بچـــمـــە نـــاو بـــەزم

لـــە زەمـــــاوەنـــدا هەڵبـــەزم

هەڵپەڕکێکـــەش لـــە چ لایـــێ

بە چەند زوڕنا و چەند هەوایێ

زیـــندە بـــاد، یـــەعیش و یاشا

بێژم، هـــەر لە خۆم کەم حاشا

بژی بێــــژم وە زوانـــــی خـــۆم

زۆر گران تـــەواو ئەبـــــێ بۆم

نیشانــــەی گـــەل پەرستیـــیە

مەرجی جاشبوون بێ هەستییە

ســـزای گــــەلـــخواز جاشداران

قـــەنارەیـــە و گـــــولـــلەباران

★ ★ ★

جــــــارێك لـــە نێرینەی شەوا
جــیهـــان لـــە غـــوڕابی خەوا
منـــی شـــەكەت پڕ ژان و دەرد
بە ئەسری گـــەرم و ئاخی سارد
رووی زەردم بــــەرەو حەوا كرد
گازندەم لە لای خـــودا كــــــرد
خوایە خۆت ئەیزانـــــی چ تۆین
ئاخرخۆ ئێمـەیش كۆیلەی تۆین
لــــــەوەتا لەم سەرزەمیـــنەین
لە ژێـــــر ئەم عاسمانە شینەین
هەر پشتمان بـــە تۆ بـــەستووە
هەر بــــەنی تـــۆمـان رستـــووە
دەتــــگاتێ نـــاڵە و نـــووزەمـــان
خـــوا هـــاواری بـــە كڕووزەمان
ئەم حــــەمـــكە رۆڵە كـــوژیاوە
ئەو گش ســـاوایــــــە بێ بــاوە
ئەو گش كیژە ئـازیـــەتـــبـــارە
ئەو گش پیرە لێـــو بـــە بـــارە
ئـەم لەهـــیی خوێن و ئەسرینە
ئــەم هەمــــــوو شەپۆڕ و شینە

دەبیـــەی، دەبـــینی هــەر دەمێ

کوا لە هەوری بەزەت نــــــەمێ

وتیـــان تۆ زۆر خاوەن بـــەزەی

دژ ئـــەم کـــاریە لە ناحەزەی

دەردی کــــوردی وا لـــێقەوماو

دڵی بــــەردیـــش دەکــاتە ئاو

چۆنە هیـــچ روحمی پێ ناکەی

تاکەی ئەم بـــازاڕە تاکـــەی؟

کێی تر لە سەر ئــــەم زەویتە

وەك کورد شیاوی بــــەزەویتە

★ ★ ★

لە پـــڕ گــوێم لە قاقایەك بوو

زانستـــی نـــاخـــویایـــەك بوو

بە ئـــاوەزم پـــێ ئــەخــەنـی

کــە ئـــەی خێوی مــژی گەنی

خـــوا کـاری وە بنیادەم چەس؟

لە خۆی بـەرپرسیارە هەر کەس

دەردی کــورد کەی کاری خوایە

مەیخە مل خـــوا ئـــەم خەتایە

خــۆت بــدۆزە بزانـــە چــیت
وەیدۆزە مــایــەی نــەگبەتیت
تــۆ گەلێکی لە چــاو گـــەلان
نەفــامـــتر لـــە ورچـــی تەلان
چەندین چەرخە لەو ساوە هەی
نەتێگەیــوی نـــە تـێ دەگـــەی
دەستت گـرت بە کلــکی تــازی
گورگت لە خۆت کـــردە قـــازی
ئەو جێی نـــاوت نا زێدی کورد
بەهەشـــت ئێـــرەیی پێ دەبرد
هەرچـــی پێداویستی ژیـــانە
مایەی خــۆشیی لــەش و گیانە
لە بەهرەی کـــشت و کــاڵەوە
لـە خـــەزێنەی ژێـــر چـاڵەوە
مشەیـــە لـــە زێـــدی تــــۆدا
بۆ خــۆت هەمــووت بـــە فیڕۆدا
خۆتکرد بە چیلکەوچاڵی دەشت
بۆ ئاردووی ئاورگی زەردەشـــت
لـــە موبید و مـــوغ پـــەرستی
پـــووشیشت نـــەهاتە دەســـتی

نـــەگۆڕای تـــا دنـــــیا گـــۆڕا

تـــــا دیـــن و دنـــیاشت دۆڕا

فێر ببوی سەربەست نـــەدەژیای

بـــە بێ پڕ و پـــووچ نەدەشیای

لـــە چۆڵ گلا بووی کەوتیە چاڵ

تازی هـــــەڵینـــای بـــە شەماڵ

وابـــووە پـــتر لـــە هــــەزار ساڵ

شــــڕە بــــەڕەی کـــۆنە ســـیپاڵ

بۆ مـەلا، بۆ شێخ، بـــۆ دەروێش

سەربەخۆ خۆت کــــردە رمکێش

بە ریش و پرچ و حــــاو و حوو

مرۆڤایەتیت لـــــە دەست چـــوو

تەکیە و پیرت هەبا بەس بـــوو

ماڵی خوا بـــێ تۆ بێکەس بـــوو

دەتــــوت کێ لە خۆشیان لار بێ

با بـــــەر بـــــە حۆریان تەیار بێ

تۆ هەر لـــە شوێن خەیاڵ گەڕای

خۆشیـــــت نەویست ببڕای ببڕای

دنــــیات دا بـــــە دنیـــا خـــۆران

خــاوەن زێـــــڕان خــــاوەن زۆران

بێ سڵ کردن لێت هـــاتنە پێش
خانی گێژ و تووتنی خۆشـکێش
تـــــا خوێنتیان بۆ مژیا مشتیان
چەنـدیشتیان بۆ کوژیا کوشتیان
لە ئـــاکـــامـــا بـــەشیان کردی
هــــەرکێ چیی بەر کەوت بردی
بریای، خــوریای و قویت دریای
تۆ هەر وتـــت بــە تەمای خوای
هیوات بوو خـــوات بێتـــە فریا
کـــەی بـــەر ئـــەدا داری بـــریا
پاش مەرگیش لە بەر دڵکـوێری
تۆڵەت بە خـــودا دەســـپێـــری

★ ★ ★

گەلانـــی لا لـــە تــەکیە و پیر
لـــە بیر دەرکـــەوتن بە تـەگبیر
بـــوونە روونـــاکبیر، بوونە ژیر
پـــس پسیان کـــرد گەوی زنجیر
خـــەیاڵات نـــەدەلـــوا بـــۆیان
هـــانایان بـــردە بـــەر خـــۆیان

پــــڕو پـــووچـــیان کـــوژاندەوە
سیـــاسەتیان بـــووژانـــــــدەوە
مـــن منیان بـــوو بە تـــۆ تۆیی
ژنیان زۆر بـــەرەو پـــێش ڕۆیی
لـــە سۆنگـــەی ئـــازادیخـــوازی
بـــازیان دا ســـەر پیشەســـازی
دەریـــایان پشکنیـــن شەشدانگ
لـــە سەر بـــاڵان فڕین بۆ مانگ
بـــە جـــەوهەرانی هونـــەروەر
لـــە ســـەر زەوی بوونە سەروەر
هـــیچ جـــانەوەرێکیان نەبوارد
حەزیا بـــوون ماریشیان دەخوارد
تۆیش کـــە لە ورگی ماردا بووی
پێشـــە شکیـــاو هـــاڕدرابـــووی
ماری کـــورد خۆریشیان خواردن
بە توونـــــی ورگیـــان ئەسپاردن
تۆی کە قەت وەك مرۆ نەچووی
لـــە نەبوو نەبووتریش بـــووی
بە عـــەزمی چواردەم گەیشتووی
هێشتـــا هـــەر ئاتاجی نوشتووی

دەمت نەمـــاوە، هـــەر بـــە دەم
نـــاوی خـــۆت نـــاوە بنیـــادەم
دەتـــبینم لـەم دنیای بەرتەنگ
خۆت لێ گۆڕیوم بەچەند رەنگ
سووری، شینی، بۆری، کـــەسکی
خـــەیاڵ بـــەرپانی، بیرتـــەسکی
کـــرمانـــج و ســـۆران و گۆران
بـــێ ئاگان لـــە با و لـــە بۆران
نیـــوە هـــەر دەم بـــەنـــزایـــە
نیـــوەش دڵداری حـــەزیـــایـــە
لە هـــەموو ژینـــتا ســـەرانسەر
هەر جارێك هاتت هاتـــە بـــەر
لـەبەر وڕی و گـــێژی و کـــاسی
خـــدری زینـدەت دی و نەتناسی
ئـــەو هومێـــدەت بارزانی بوو
نـــموونـــەی لـــە کـــارزانی بوو
گـــەلپـــەرست و دانـــا و زانـــا
مەردێ بوو بـــە هـــەموو مـــانا
بە ئـــازایی بـــێ وێنـــە بـــوو
تـــا سەنگی لـە هیچ کوێ نەبوو

قــەستەســـەری زۆرداران بـــوو
دلـــۆڤـــانی هـــەژاران بـــوو
غیرەت شانازیـــی پـــێ دەكـــرد
هـــونـــەر كـــرنووشی بۆ دەبرد
نیـــو چـــەرخ پـــتر ئەو مەردە
ئەو نـــەبەزە، ئـــەو نەبـــەردە
بە تەمای دەست و بازووی خۆی
تێكـــۆشـــا، تـــۆ بـــزانی تـــۆی
تێبـــگەی كـــە تـــۆش ئینسانی
بـــە دەردی دیلیـــت بـــزانـــی
نـــیازی وابـــوو ئـــازادت كـــا
بـــە كـــامڕەوا بـــوون شادت كا
بـــە بـــێ چـــەك دەستی خاڵی
قـــۆڵ و مـــەچـــەكی هـــەڵماڵی
لـــە داگـــیركـــەران ڕاپـــەڕی
ریـــزی كـــورد خـــۆرانـــی دڕی
تـــۆپاندنـــی و چـــەكی كـــردن
بـــە جارێك زەنـــدەقی بـــردن
قـــڕی خستـــە داگـــیركـــەران
ناو بانگی گـــەییە هـــەنـــدەران

پەڵەی نەنگیی تـــۆی ســــڕیەوە
ئـــابـــڕووی دزراوتـــی کـڕیەوە
بـــەڵام تـــۆی لـە هونەر تەکیو
لـــە ژیـــان قـەت ئازادی نەدیو
وا فێـــری نـــانـــی نـامۆ بووی
دژی ژیـــنی ســـەر بـەخۆ بووی
بـــوویتـــە بـــەڵاگـــێڕی دژت
بـــوویتە مـــەتاڵ بۆ خوێنمژت
تفەنگ بەشان،خەنجەر لە مشت
فـرشتەی بەختی خۆت دەکوشت
یـــان بێ لایـــەن سەیرت دەکرد
حیـــزە بخۆیـــی دەرت دەبـــرد
ڕێ و شـــوێنی بارزانت نەویست
ئامۆژگاریـــیەکانیـــت نـەبیست
تـــۆی نـــەخۆشی لەسەر مردن
قـــەڵس بووی لە دەرمان کردن
گـــەر تـــۆ قـەدری خۆت زانیبا
شـــۆپـــت شـــۆپی بـــارزانی با
ئێستـا جـاش نەبووی بۆ کەران
ئـــاڵات دەشەکـــا لـــە ســـەران

عـــارەبـــی لە هەر پیس پیستر
لـــە بـــەرازی هـــار نـــەگریستر
نـــەیـــدەکـــرا هێرشت بۆ بێنێ
ســـامـــان و گیـــانت بـــڕفێنێ
گـــونـــدت بـــەر بـــلدۆزەر بدا
مـــشکی و خـــۆڵت وەســـەربدا
بـــەو نـــیازەی بنـــەبڕت کـــا
بـــە شـــیمـــیـــایی قـــڕت کـــا
بـــکـــات لـــە گـــوندان و شاران
وردە و یـــەخســـیرت بـــۆمباران
هـــەڵەبجـــە و بـــادینانی تـــۆ
زێدی پـــڕ پـــیت و جـــوانی تۆ
لـــە ژێـــر ئـــاگر ببنە خاپوور
هـــەژدیهاش سەیر کەن لە دوور
ســـەیـــرە گـــوتت حەزیا ئامان
بمـــگەنـــێ دەستـــم، بـە دامان
تۆ چیـــت لە سەرت بێنە جواو
تۆی وەك کەوی کـــولێو خوراو
دەنـــگی برچـــی کوا دەیـــگاتێ
دژت نـــانـــی تـــۆی دەداتـــێ

ئێستاش لە پاش دەربـــەدەریـت
دەگەڵ ئەم ژینەی بـێ وەریـــت
هەر بینا بەم زوانەی نـــە دوور
وەك رەشـــەكـانی چەرمەسوور
هەر ناوت بێ و خـــۆت تەمابی
بی بـی جـانی سینەمـــا بـــی
گـــوتمـــێ زانســـتی بە ئـــاگـــا
كــورد دە فـــەرموودەی تۆ ناگا
كـــوردی وا هــــەژاری كـــێـــوی
نــــازانــــێ تــــۆ چ داخـــێـــوی

١٩٨٩/٣/٣: لە یادی دەیەمین ساڵی كۆچی بارزانی

شـاعیر سـەرەتا پرسـیار دەكـا كـە ئێمـەی كـورد چـین؟ پاشـان ئامـاژەی بـە هـات و چـۆی ئاسـایی مـان دەكـا و ئـەمجا دەبێـژی كـە جانەوەرین ــــ گیانلەبەرین ـــ ئەویش بە رواڵەتی!

هــەژار لەدرێــژەی شــیعرەكەی دا بــا ئەداتــەوە ســەر جیهــانی گیانلەبەران كـە ئـەوان سەربەسـتی و ئـازادی خۆیانیـان هەیـە، ئـەوان هێلانـە و سـامان و وڵاتـی خۆیانیـان هەیـە. لـەم بەشـەدا هـەژار بـەر لـــەوەی شـــینەیاری پـــیرە نەمرەكـــەی بكاتـــەوە، دەســـت ئەنێتـــە بـــان «چیســـــتی» (چـــیبوونی) كـــوردەوە و دنیـــای كـــورد و دنیـــای جانــەوران پێكــەوە هــەڵ دەســەنگێنێ. و كــزە لــە جــەرگی هــەر

کوردێـــك هەڵدەســـتێنێ کـــە هـــەژار گوتـــەنی ئێمـــە لـــە ئـــەوان – جانـــەوەرەکان – کـــەمترین. چـــونکە لـــە ســـادەترین و ســـەرەتاییتـــرین مافەکانمان بێبـــەش کـــراوین. وڵاتمـــان پارچـــە پارچـــە کـــراوە، ئازادیمـــان گوللـــە بـــاران کـــراوە، لـــە گشـــت لاوە ئـــازار دەبیـــنین لـــە درێـــژەدا هـــەژار تاقانـــە بـــوونی گـــەلی کـــورد لـــە ئاســـت پەرێشـــانی و دەربـــەدەری تۆمـــار دەکـــا، ئـــەو دەبێـــژێ کـــە نەتەوەکـــەی بـــێ نـــان و لانـــە مـــاوە، لـــەوەش جـــەرگبڕتر لـــە مـــاڵی خـــۆی دەرکـــراوە، تـــەرە کـــراوە! لـــە هـــەموو لاوە کەوتۆتـــە گـــەمارۆ و بۆســـەی نەیارانییـــەوە. راوچیان ژیانیان لێ تاڵ کردووە.

هەژار چاو لـە ژیـانی گەلەکـەی دەکـا و زمـان بەسـتە بـوون و دەم دادووراوی گوزارشت دەکا!

هەژار لە پارچەپارچـە کرانـی وڵاتەکـەی دەناڵێنـێ. ئـەمجا هـەژار رۆژڕەشی گـەلمان وەبـیر دێنێتـەوە کـە چـلۆن ناحـەزان دەغـڵ و دان و سـامانی سـەر خـاك و زێدەکـەی ئـەدزن و بـۆ خـۆی برسـی و تینوو دەخولێتەوە، ئەمەش لە کەسمان شاراوە نییە.

پاشان هـەژار بـا ئەداتـە سـەر سسـتی و لاوازی رۆحـی یەکیـەتی و تـەبایی و یـەك رەنگـی ریزەکـانی گـەل و نامۆپەرسـتی بـاو لـە کوردستانی وێرانکراودا!

هـەژار لـە دیـاردەی جاشـیەتی لـە کوردسـتان دەناڵێنـێ و دەبێـژێ کـە لـە شـەڕی جـاش – پێشـمەرگەدا لـە هـەر لایـەك بکـوژرێ، نـەیار قـازانجی کـردووە و سـەرئەنجام قەبیلـەی جاشـەکان

بــە بــێ هەســت دەزانــێ و پاداشــی ئــازادیخوازان لای جاشــداران بــە قەنارە و ئیعدام دەزانێ.

ئەگــەر لــە ســایکۆلۆژیەتی جاشــیەتی بکۆلێنــەوە، هــەر بــە تــەنیا داگیرکــەران تاوانبــار نــین. بــەلکو هــەژاری فەرهــەنگی، رۆشــنبیری هەنــدێك نــەریتی کۆنەپەرســتانە، هـــەژاری مـــالی، سســـتبوونی بنیاتــەکانی جموجــولی سیاســی لــە کوردســتان، کەمتەرخــەمی حیــزب و پارتەسیاســـی – چـــەکداریەکان لـــە حانـــد ئاگـــادار کردنـــەوەی خــەلك، شــەڕە دوور و درێــژ و خوێناوییــەکانی کوردکــوژیش لــە چــاندن و پــەروەردە کردنــی دڕکــی جاشــیەتی لــە کوردســتاندا رۆلێــان هــەبووە. ئەگــەر دوێــنێ جــاش تــەنیا دژی بــارزانی و... شــەڕی ئــەکرد، ئــەمڕۆ تــاقمێکی «ســوپر جــاش» لــە زمــانی قەلەمــە ریســـواکانیانەوە بێحورمـــەتی بـــە کەلـــە پیـــاوانی نیشـــتمانپەروەر و شۆڕشپەروەردەی کــورد دەکــەن. ئەگــەر تــا دوێــنێ جــاش هــەلگری چــەك بــوو و دژی خــەبات دەجولایــەوە، ئــەمڕۆ تــاقمێکی «ســوپر جــاش»ی پارەپەرســتی جینایــەتکار بــە بۆمبــای مــەوادی موخــەدێر: تریــاك، هیرۆئــین و...هتــد، خــەریکی نەســل ســووتاندنی کــوردن. کەوایـــە جاشـــیەتی ئـــەمڕۆ قۆناغـــە کۆنـــەکانی تێپـــەڕ کـــردووە و گەیشتۆتە ئاســتێکی – بــە راســتی – پەرێشــان و پــڕ مەترســی. ئەگــەر دلســـۆزان و نیشـــتمانپەروەران و رۆشـــنبیرانی کوردپـــەروەر ئـــەمڕۆ وەخــۆ نەکــەون و رووبــەڕووی ئــەم خائینانــە نەبنــەوە، زەرەرێکــی ئەوها مان لێدەکەوێ کــە بــەم زووانــە قــەرەبوو نابێتــەوە، بێشــك لــە

درێـژایی خـەباتی هەقخوازانـەی کـورد، جـاش بـە هـەر رەنـگ و کورتانێکـەوە، بـڕ بـڕەی پشـتی خـەباتی رەوای شـکاندووە، داگیرکـەر هـەرگیز بـە تـەنیا نـەیتوانیوە، تەنانـەت بستێ لـە خـاکی زێـدمان داگـیر بکـات، هـەر بۆیـە هـەژار لـەم کاروانـە رووڕەشـە بێـزارە و بـە نیشـانەی پەرێشـانی گـەلیان دەزانـێ و تەنانـەت ئەوانیش بە یـەکێ لـە هۆکـارە سـەرەکییەکانی وێرانـی دنیـای کـورد لە قەڵەم ئەدات.

هـەژار لـە درێـژەی شـیعری «کـورد لـە فـەرموودەی...»دا – بەشـی دووەم – جـاش و دنیـای جانـەوەرەکان جێـدێڵێ و پـاش وچـانێك روو لـە خـوای دەهنـدە و دلۆڤـان دەکـات و سـەرەڕای ئامـاژە بـە داسـتان و حیکایـەتی خواپەرسـتی گـەلی کـورد و باسـی بـەزەیی و میهرەبـانی خـودا، ئیشـارەت بـە کـاروانی شـەهیدانی رێگـای ئـازادی کـورد دەکـا، ئیشـارەت بـە زوڵـم و جینایـەتی داگیرکـەران دەکـا و ئـەمجا پرسـیار لـە خواوەنـد دەکـا: تـۆ کـە سـەرجەم ئـەم ژان و ئـازار و پەرێشـانیەی ئێمـەی کـورد دەبـینی، ئەدی بۆچی رەحمێ بەم گەلە بەشخوراوە ناکەیت؟!

هەژار لە خـودا تـوڕە دەبـێ و بـە گومانـەوە بـۆ ئاسمـانی بـەزەیی وی دەڕوانـێ و دەبێـژێ کـە ئـەم دەردە کـوردە دڵـی بـەردیش دەکاتە ئاو کەچی...

دیســان رەخنــە و پرســیار ئاراســتەی عەرشــی خــودایی دەکاتـەوە؟ هـەژار کـە وڵامێـك یـان بـەزەیێك لـەخودا بـەدی ناکـا،

راناوەستێ و دیسان پرسیار دەکا کە کێی‌تر لە سەر ئەم زەوینە وەکو کوردی بەش مەینەت شیاوی بەزەیی و رەحمی تۆیە!؟

لە بەشی سێیەم دا هەژاری ناهومێد لە بیستنی دەنگی ولآمی پاشای بالآنشین...، بە دەم قاقای پێکەنینی زانیارێك دەستی نیاز و زمانی پرسیاری لە ئاسمان دێنێتە خوار و چیتر نایەوێ بەرۆکی خوداوەند بگرێ چونکە وەك ئیلهام یان تەشەر دەردەکورد و کاری خودایی یان بۆ جوێ کردۆتەوە.

بەلێ هەژار رەگی ئەم بندەستی و وەیلانییە بە خۆنەناسی و نەتەوەی خۆنەناسی دەزانێ.

ئەم زانیارە ــ ئەم ناخوایە ــ بە هەژاری گوتووە کە نەفامی هۆی دواکەوتنی گەلە.

هەژار کە لە زمانی کەسێکی‌ترەوە بۆمان ئەدوێ، تێنەگەیشتوویی بە یەکێ تر لە هۆکارانی دواکەوتن دەزانێ.

هەژار بەرەو مێژووی خەمباری دەمانباتەوە کە چۆن ئێمەی کورد بە ئختیار یان زەبری شیری عەرەب وەدووی بێگانە و نامۆ کەوتین، و هێرشکارانمان کرد بە قازی و داوەری خۆمان!

هەژار بە پشت بەستن بە وەسفی بەهەشت لە کتێبی ئاسمانی دا، کوردستان بە بەهەشتی سەر رووی زەوین دەزانی و ئاماژە بەو سروشتە جوانەی دەکا، ئاماژە بە بەهرەوەری و پڕشکۆیی و دەولەمەندی دەکا. لێرە هەژار دیفاع لە ناسیونالیزمی هەقخوازی کورد دەکا و وەدوای هەر ئیدئۆلۆژی و ئائینێکی تر

کەوتن لە رابردوو تا ئێستا بە مایەی بێسەمەری و سەرلێشێواوی دەزانێت. هەژار جانەوەر، خوا و... جێدێڵێ و بە توورەییەوە رەخنە ئەداتە سەر نەئەوەکەی و ئائینخوازیەکەشی وەکو دیلی و یەخسیری و بندەستی دەزانێ و لەوەش زیاتر عەرەبخوازی بە عامیلی دوور کەوتنەوە لە مرۆڤایەتی دەزانێ!

هەژار لە درێژەی بەشی سێیەمی شێعرەکەیدا، رەخنەی توندتر ئەداتە سەر گەلەکەی و بە توندی چارەنووس رەت دەکاتەوە و بێزاری خۆی لە دیلانی خورافات دەرئەبرێ و ئەو دیلانە بە زەلیل ناس دەکاتن و لە کۆتاییش دا بە تەشەرەوە دەڵێت کە دوای مردنیش لە بەر کوێری و... تۆڵە بەو خودایە دەسپێرن.

بەڵێ هەژاری کوردی خاوەن کوردستانی بەهەشتی رووی زەوین، لە حەنای ئەو خۆ ونکردن و وەدوای عەرەب کەوتنە بە مایەی شوورەیی و دواکەوتنی نەتەوەکەی دەزانێ و بە توندترین هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بەر پەرچیان ئەداتەوە. ئەگەر نەختێك دوور لە دەمارگرژی و تعصب بۆ واقعیەت بڕوانین، ئێمەش لە نەفرەت و بێزاری هەژاری شاعیر و باوك مردوودا بەشدار دەبین. بۆ نموونە سوڵتانەکان، پاشاعەجەم و عەرەبەکان و... هەموویان رووگەگەرا بوون، کەچی بەلایەك کە بە سەر کوردستانیان هێناوە لە تەئریخی گەلانی جیهاندا بێ هاوتا و تاقانەیە.

هــەژار ئــاورێ لـــە رازی بەختـــەوەری دیکـــە گـــەلانی عالـــەم ئەداتەوە و ئاماژە بە شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا دەکات.

هەژار دەبیژێ کە ئـەوان مەنییـەت (مـن مـن)، و خـەیالاتی پـڕ و پووچـیان لــە خــۆ دوور خســتەوە و رووناکبیرانــە بــۆ خولقانــدنی دنیایــەکی خــۆش و پــڕ بــەهرە جولانــەوە. ئــەمجار ئیشــارەت بــە دەســکەوتەکانی شۆڕشــی پیشەســازی دەکــا کــە جەوهــەری ئــەم بزوتنەوە پیرۆزە ئـازادیخوازی بووگـە. لـە دوو تـۆیی ئـەم بەشـەش دا دیســان هــەژار بــە تانــە و تەشــەر رەخنــە ئەداتــە ســەر رەوتــی وەهمگـەرایی و خورافەپەرسـتی لــە کوردسـتاندا و ئـەوانیش شـیاوی نــاوی بنیــادەم نــازانێ. چــونکە پێشــتر ئامــاژەی بــە بزتنــەوە و جولانــەوەی بنیادەمــەکانی جیهــانی دوور لــە تەکیــەو... کــردووە کە ئێستا لە چ قۆناغێك دا ئەژین.

هـەژار وەك سـەمبۆلێك بـۆ دەرچـوون لـەو ژیانـە پەسـتە ئامـاژە بــە پیرەکــەی – بــارزانی – دەکــا و بــە خــدری زینــدووی کــوردی دەزانــێ، کەچــی ئــەم میللەتــە لــە بــەر وڕی و گێــژی و کاســی نەیانناسیوە!

بــارزانی بــە هومێــدی کــوردان دەزانــێ چــونکە کــارزانی و گەلپەرستی و زانایی و... لەوا دیتۆتەوە.

لێــــرە بــــە روونــــی بۆمــــان دەر ئەکــــەوێ خۆشەویســــتی و عاشقبوونی هـەژار بـە بـارزانی، ریشـەی دە نیـۆ بیروبـاوەڕی قـایم و نەتــەوەیی هــەژار دا هەیــە. هــەژارێك کــە خوازیــاری پادشــاییێکی

بچکۆلانە بۆ کورد بووە، هەژارێك كە ئارەزووی بووە گەلەکەی بەختەوەر بژیت، ئێستا رازی بەختەوەری لە بارزانی پێشمەرگەدا دەبینێتەوە. نێزیك بوون لە رۆحیات و رەوشتی بارزانی ئەوی تا سنووری شەیدایی بردووە.

هەژار خەباتی بارزانی و شۆڕش و بزوتنەوەی بارزان بۆ ناسین و خۆناسی کورد و دەرچوون لە ژیانی ژێردەستەیی ناس دەکا و...

لە درێژەدا هەژار بائەداتەوە سەر دوو تاقم لە کوردستاندا،

١ـ جاشەکان (وڵات فرۆشان) ئەو کەسانەی دژی بارزانی بە ئەمر و ئیشارەتی داگیرکەرانی کوردستان شەڕیان دەکرد.

٢ـ بێ لایەنە شۆڕش تەزێنەکان، بێگومان تا قافڵەی بێ لایەنەکان زۆر و بۆر بێ، ئەوە لە بەرژەوەندی داگیرکەرانە و بەس.

هەژار تاقمی دووەم بەو کەسانە دەزانێ کە رێ و شوێن و رێبازی بارزانییان نەویستووە و گوێچکەیان بە پەند و ئامۆژگارییەکانی نەداوە. هەژار رەخنەکەی هێورتر دەکاتەوە و دەبێژێ کە گەر جاشە کورد وەدووی شۆرش و خەبات کەوتبا ئێستا ئاڵای خۆی لە سەر ماڵی دەشەکا نە هی بەعسی داگیرکەر. کەوا بوو عەرەبی پیس و نەگریس لەو ساتەدا نەیدەوێرا هێرش بکاتە سەر سامانی کورد. (ئەو شیعرە لە ١٩٨٩دا نووسراوە). ڤیکتۆر خارا شۆڕشگێڕی بەناوبانگی

ئـەمریکای لاتـین دەڵێـت: گـەلێکی هـاودەنگ قـەت شکسـت نـاخۆن... بۆیـە هـەژاری شـاعیری نەتـەوەیی کـوردیش یەکنـەبوونی دەنگـەکان، دژی یـەکبوون، جاشـیەتی، دەیـان بـەرەکی و بـێ لایەنی بە هۆی ئـەم جیهانـە پەرێشـانەی کـورد دەزانـێ. هـەژار چـاك دەزانێ گەر کورد ئـاڵای خـۆی وەشـەکێنێ، چـیتر نـەیاری ستەمکار نـاتوانێ هێـرش بکاتـە سـەر وڵاتـی و سـامان و نـەوت و... بـدزێ. گـەورەترین پـەیامی راپـەڕینی ١٩٩١ و حکومـەتی ١٢ سـاڵەی کـوردیش راسـتی ئـەم هـاوارەی هـەژاری لـە کوردسـتانی باشـوور چەسـپاند. هـەژار لـە کۆتـایی شـیعرەکەی دا بائەداتـەوە لای هـەمان زانیـاری خـەیاڵی خـۆی و بـەو پـەڕی ناهومێـدی و نیگەرانییـەوە دڵنیـای دەکـا کـە گـەلی کـورد لـە پـەیامی ئـەو و لـە فـەرموودەی زانسـتیانەی ئـەو تێناگـەن! هـەژار نایـەوێ ناهومێـدی جـارِ بـدا، بـەڵکو ناهومێـد بوونەکەشـی هۆکـارێکی گەورەیـە بـۆ راچـڵەکاندن و وەخۆکـەوتن، یـەکگرتن و بـەرەوپیری جیهـانێکی شـاد و بەختەوەرچـوون. بێگومـان لـەم شـیعرەدا شـیوەنی هـەژار، شـیوەنی نەتەوەییـە، شـیوەی بـۆ دواکـەوتنی کـوردە لـە کـاروانی جیهـانی بەختـەوەر. شـیوەن بـۆ جلـی خیانـەت، لەبـەر کردنـی کـوردە. شـیوەن بـۆ کـۆت و بەنـدی زاڵبـووی خورافاتـە بـە سـەر گەلەکەماندا. شـیوەن بـۆ بـێ لایەنییـە و هاوارێکـە لـە نـاخی رۆح و بیر و عاتیفەوە بۆ سەرکەوتنی کورد.

# شابازی چیا

هەتـــا زەمانە دەچێ و دێ وهەتا زەوین لە خولە

هەتـــا ددانی زوڵم تیـــژ و بـــەخـــتی ئێمە کولە

هـــەتا شەوم بـــەسـەرا دێت و رادەژێم بێ خـــەو

هەتـــاکو رۆژی رەشـــم دێتـــەوە و دەبێتەوە شەو

هەتـــا کەژێکی دەبینـــم بە خوێنی کـورد سوورە

لـــە کوردستـــانێ کـــە وێرانـــکراو و خـــاپـــوورە

بـــە هـــەڵپ و کـــەڵپی درنـــدان دڕاوە مەڵبەندم

یـــەکێك و دوو نیـــیە زۆر مـــۆری پێوە پێوەندم

بـــە گشتی ئەم گەلە کوردە وەکو گەلەی بێ شوان

چـــەقۆی بیانی لـــە بان گەردنە نە سەر نە زوان

نـــزار و بێـــدەرەتان، بێـــدەروون و دەربـــەدەرن

لـــەوەندی بەر پـەت و داری بەند و دەسبەسەرن

دەکەن بە چاوگی شەڕ خزم و قەوم وهاوڕەگەزم

بە خوێنی کورد مرە نامۆ، چ شینی بێ و چ بەزم

گەلی هەناسە براو، بەش نەماو لە ژین لە وەڵات

کـــە دێتـــە بیـــری منـــی دڵبریـــنی بێـــدەسەڵات

بـــە چـــاوی لێڵەوە دەڕوانمە خـــێڵە بێکەسـەکەم

بـــە ئاخ و داخـەوە داد دادمە کوانێ دادرەسەکەم

لــە کوێیــە هەڵمــەتی شــابازەکەی چیا و رازان

بــبێ بــە تــۆڵە ستێنی گــرۆی بــەلــەنگــازان

بــکێشێ خـەنجەرێ موو کار لە حاندی نامەردان

بــبێ بــە رێبــەری جاران لە هۆزی سەرگەردان

هــەمیشە مــەردی یــەکەم ئەو بووە لە دنیایێ

چــلۆنە ئــەمرۆ لــە مــەیدانێدا گــوڕەی نــایێ

دەڵێــن چ بــەهــرە دەدا داد نــەماوە بــارزانــی

لــەشی لــە خــاکی ڕەشایە و لە لای خودا گیانی

رۆحــم دەڵێ بــە دڵم گــفتی وا دە دڵ مــەگرە

ئــەوی بە مــەردی ژیــاوە هەتــا هەتــا نـەمرە

۸۷/۳/۱ یادی هەشت ساڵەی کۆچی بارزانی

# سەدەیەك خۆشەویستی

له یادی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی بارزانی نەمر

١٤ی ئاداری ٢٠٠٣

ج. ئاگرین

کاتێ
شۆڕشی مەلیك مەحموود
بە پیلانی داگیرکەران
کوژایەوە
لە چیاکانی بارزان
شۆڕەسوارێك ئازایانە
شۆڕشی هەڵگیرسانەوە.
تا زامی شکستی «شێخ»
لەبیر «بازیان» بباتەوە!
سەرهەڵدانی ئەم قوتابییەی ئەحمەد خانی
دڵی نەیارانی تەزاند،
لەم پێناوەش
چیاییەکان
تەمی قورسی رەنجیان رەواند.
سەری هەڵدا
بۆ... بەتاڵکردنەوەی
نوشتەی نەحسی نەیاران
سەری هەڵدا
بۆ چرپینی گۆرانی سەربەستی و

سەرفرازی گەلی کوردمان.
بۆ گەیشتن بە ئاواتی
چیاکانی نیشتمانی
کرد بە هێلان.
سۆزی شمشاڵی بارزانی هەزاران
بێزار لە ژینی دیلی
هێنایە چیاوە.
سۆزی شمشاڵی بارزانی
گەلپەرستانی
لە دەوری یەك کۆ کردنەوە
هەتا وەکو... پڕ بە گەروو
سروودی بەرزی «ئەی رەقیب» بڵێنەوە.
سەری هەڵدا
ئەم نەبەز و ناودارەی کورد،
دەڵەدێوەکانی بەغدا
دڵیان تەزا!
سەری هەڵدا
ئەم سەرکردە و سەردارەی کورد،
شانەگریسەکانی تاران
پشتیان شکا!

سەری هەڵدا

ئەم پێشەنگ و پێشڕەوە خۆش ئاکارەی کورد

لە قەسابخانەی باکوور

ئاسۆی بیری کوردکوژ رووخا!

★ ★ ★

کاتێ

لە کوردستانی رۆژهەڵات

کۆماری کورد دامەزرا،

لە چیاوە

خۆی گەیاندە مەهاباد

هەتا وەکو

وەك گلێنەی چاوەکانی

کۆمار بپارێزێ.

ئێستاش

دار و بەرد و

ئاو و خاکی مەهاباد - تم

چیرۆکی گیانبازی و

پیاوەتی بارزانی دەگێڕنەوە

کاتێ

رەشەبای تووش

له مۆسکۆوه هەڵیکرد و
ئاڵای کۆماری کوردی برد،
زۆری هەوڵدا
تا... پێشەوا دەرباز بکا
کاتێکیش دادگەی سەحرایی
بۆ مەحاکمەی قازییەکان
دەرگای شوومی خستە سەر پشت و
بارزانی... بە بێگانە زانی!
پێشەوا قازی شەهید
بێدەنگ نەبوو
نرکاندی و
بە گژ ستەمکاران دا چوو
چلۆن دەکرا
بارزانی
بە هانای مەهابادەوە نەیت
چلۆن دەکرا
لە دادگای رەشی دوژمن
پێشەوا قازی محەمەد
لە حاندی
بێ حورمەتی بە بارزانی

بێ دەنگ ببێ
با... تا سێدارەش
تەنیا یەك هەنگاو مابێ!

★★★

ئێستاش
لە ساڵی چاوپشکوتنی قازی دا
هەولێر و سلێمانی سەما دەکەن و
لە ساڵی چاوپشکوتنی بارزانی دا
سنە و مەهاباد.

★★★

دێ... دێ
بۆنی «قەڵا» و «گردی سەیوان» دێ
دێ... دێ
بۆنی پێشمەرگە دێ
دێ... دێ
عەتری نیگای ئەم شێرە کوێستانییە ئاوێتەی
شادمانی کوردی سەربەست ئەبێ،
تەماشاکەن
ئاڵای شەکاوە
لەم جێژنەدا

چۆن مەستانە شایی ئەکا و

قاقا... پێدەکەنێ.

★★★

هۆ سەرفراز!

لە بەهاری نەوەت و یەك دا

خوێندکارانی زانکۆی چیا

سەریان هەڵدا

ئەنفالچی و

قەسابانی هەڵەبجەیان

لە کوردستانی باشوور وەدەر نا!

ئێستاش

لە کاتێك دا

بەرەو پیری سەدەمین ساڵی لە دایکبوونت دەچین

پەرلـمانی نەوەت و دوو ژیاوەتەوە،

بۆنی هەڵپەرکێ و مۆسیقا

بۆنی سروود و گۆرانی

بۆنی شیعر و

هێوری عەبدوڵڵا پەشێو

بۆنی شارەزوور و دەشتی هەولێر

تێکەڵن و

شایی یادی تۆ ئەگێڕن.

★★★

هۆ خۆشەویست!

ئێستەکانە

ئەم یادە پیرۆزەی تۆ

شۆڕشی کوردایەتی بەرپا ئەکا،

کوردستانی گەورە و مەزن ـ م

لێورێژی هیوا ئەکا.

ئێستەکانە

پەرلمانی کوردستان

رووگەی نەتەوەمانە،

ئێستەکانە

یادی سەدەیەکی خۆشەویستی

لە کوردستانی بێ نەیار

شیعرە، سرودە، ژیانە!

**بەرهەمەکانی جەهانگیر غەفاری ( ج. ئاگرین ):**

**چاپکراو:**

١- بەرەو لوتکەی شەیدایی/ شیعر - کوردستان ٢٠٠٢

٢- ئاشتی/ راڤەی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو - سلێمانی ٢٠٠٢

٣- بەرەو باخی بەهەشت/ راڤەی شیعرەکانی مامۆستا هێمن - سلێمانی ٢٠٠٣

**لە ژێر چاپدایە:**

- کورد، گەلێکی بێ پشتیوان/ کۆمەڵەوتار - سلێمانی ٢٠٠٣

**ئامادەی چاپ:**

١- بە کوردی دەژیم/ راڤەی شیعرەکانی مامۆستا هەژار

٢- مامۆستا گیان/ شیعر

٣- تێکۆشەرانی رێگای رووناکی/ وەرگێڕدراو